جۆیس مایەر

# شیفادانی دڵشکاوان



لە ڕێگەی هێز و توانای
وشەی خوداوە
شیفا و چاکبوونەوە تاقی بکەوە

# شیفادانی دڵشکاوان

## لە ڕێگەی هێز و توانای وشەی خوداوە

## چاکبوونەوە تاقی بکەوە


Email: jamala@worksmail.net
Email: contact@handofhelp.info
Skype: jamalabumajd
www.handofhelp.info
UK: +44 (0) 7966 610944
Iraq: +964 (0) 751 792 5515
iraq, erbil, Ankawa, Hershem 28 / 23

handofhelp
FOR SOCIAL SOLIDARITY / HOSS | NGO

Jamal Liddawi
FOUNDER & DIRECTOR

- ناوی کتێب: شیفادانی دڵشکاوان
- نووسەر: جۆیس مایەر
- وەرگێڕانی: ئەندازیار سروش & نەریمان تاهیر
- چاپی یەکەم، ٢٠١٨
- چاپخانە:
- تیراژ:
- ژمارەی سپاردن:

مافی چاپکردنی لەلایەن ڕێکخراوی هاند ئۆف هێڵپ پارێزراوە

هەموو ئایەتەکانی لە چاپی کوردیی سۆرانی ستاندەرەوە (KSS) وەرگیراوە. هەموو مافەکانی پارێزراوە.

# ناوەڕۆک

لاپەڕە

پێشەکی: وشەی خودا ............................................................ ١
بەشی یەکەم: تاقیکردنەوەی خۆشەویستیی خودا ................................ ٧
بەشی دووەم: دڵنیابوون لە داهاتوو ............................................... ١٧
بەشی سێیەم: زانینی ڕاستودروستیت لە مەسیحدا ................................ ٢٧
بەشی چوارەم: زاڵبوون بەسەر ترسەکانی ژیانتدا ................................ ٣٧
دەرەنجام: جێگیر و بەهێز بە! ...................................................... ٤٧
دووپاتکردنەوەی چەند ئایەتێکی دیاریکراو
ناساندن: وشەی خودا ............................................................ ٤٩
خۆشەویستیی خودا ............................................................... ٥٠
داهاتووت ........................................................................... ٥٤
ڕاستودروستیت لە مەسیحدا ....................................................... ٥٧
زاڵبوون بەسەر ترسدا ............................................................. ٦٠
چەسپاو و بەهێز بە ................................................................ ٦٤

# پێشەکی

## وشەی خودا

«فەرمایشتی خۆی نارد و چاکی کردنەوە، لە فەوتان دەربازی کردن.» (زەبووری ١٠٧: ٢٠)

وشەی خودا چاکمان دەکاتەوە و ڕزگارمان دەکات. هەروەها خودی خۆمان و ژیانیشمان دەگۆڕێت.

وشەی خودا دەتگۆڕێت.

لە (زەبووری ١: ١- ٣)دا، داود باسی ئەوە دەکات کە ئەو کەسەی شەو و ڕۆژ ڕامان لە کتێبی پیرۆز دەکات، ئەوا وەکو دارێک دەبێت کە ڕوابێت و لە هەموو کارەکانیدا سەرکەوتوو دەبێت.

وەکو «دار ڕواندان» واتە چەسپان و جێگیربوون. ئەگەر کەسێکی جێگیر بیت، دەتوانیت لە کارەکانتدا سەرکەوتن بەدەست بهێنیت، ئەویش بە ڕامان و سەرنجدان لە وشەی خودا.

ڕامان و وردبوونەوە لە وشەی خودا واتە دەبێت لە مێشکدا بەردەوام بیری لێ بکەیتەوە و بە قووڵی بچیتە نێو وشەکەوە و بیر و هزرتی پێ ببەخشیت و لەبەر خۆتەوە بیڵێیتەوە، وەکو چۆن یەزدان فەرمانی بە یەشوعی خزمەتکاری کرد:

«پەڕتووکی ئەم فێرکردنە لە دەمت جیا نەبێتەوە، بەڵکو بە شەو و بە ڕۆژ لێی وردبەرەوە، بۆ ئەوەی وریابیت بۆ کارکردن بەپێی هەموو ئەو شتانەی تێیدا نووسراوە، ئەو کاتە ژیانت ڕاستەڕێ دەبێت و سەردەکەویت.» (یەشوع ١: ٨)

لـە (دواوتـار ٣٠: ١٤)دا، پێـمان گوتـراوە کـە «بەڵکـو پەیامەکـە زۆر لێتـان نزیکـە، لەسـەر زمانتانـە و لـە دڵتاندایـە، هەتـا کاری پـێ بکـەن.»

لـە (ئیشـایا ٥٥: ١١)دا، یـەزدان بەڵێنـمان پێـدەدات کـە «فەرمایشـتەکەم ئـاوا دەبێت کـە لـە دەممـەوە دێتـە دەرەوە: بـە بەتاڵـی ناگەڕێتـەوە بـۆم، بەڵکـو ئـەوەی مـن پێـم خۆشـە دەیـکات و سـەرکەوتوو دەبێـت لـەوەی بـۆی دەنێـرم.»

پۆڵسـی نێـردراو لـە (دووەم کۆرنسـۆس ٣: ١٨)دا دەڵێـت کـە لـە وشـەکانیدا شـکۆی خـودا دەبینیـن و دەگۆڕدرێیـن. بەشـێک لـە بینینـی شـکۆی خـودا بریتییـە لـە درککردن و بینینـی ئـەو پلانـە جوانـەی کـە هەیەتـی بۆمـان و پاشـان باوەڕکردنـی پێـی.

خـودا خۆشـی دەوێیـن و پلانێکـی زۆر جـوان و مەزنـی بۆمـان هەیـە. لـە بەشـی یەکەمـی ئەفەسۆسـدا، پۆڵـس دەڵێـت کـە خـودا تـەواوی پلانـی ڕزگاری لـە ڕێگـەی عیسـای مەسـیحەوە جێبەجـێ کـرد، بـۆ ئـەوەی ئـەو خۆشەویسـتییە زۆر و فراوانـە بڕەوێنێتـەوە کـە بەرامبـەر ئێمـە هەیەتـی.

ئـەوەش واتـای ئەوەیـە کـە خـودا خۆشـیدەوێیت و پلانێکـی مـەزن و شـکۆداری بـۆ خـودی خـۆت و ژیانـت هەیـە. دەبێـت بـاوەڕ بـەوە بکەیـت و دانـی پێـدا بنێیـت.

شـەیتان هەوڵیـدا کـە پلانـی خـودا بشـێوێنێت و تـەواوی ژیانـت لـە هـەوڵ و کۆششـی ئەوەدایـە کـە وا بـکات تـۆ هەسـت بـە بێنرخبـوون بکەیـت. بۆچـی شـەیتان لـە هەوڵـی کارێکـی لـەو شـێوەیەدایە؟ چونکـە نایەوێـت هەرگیـز بـاوەڕ بـەوە بکەیـت کـە خـودا زۆری خـۆش دەوێیـت. شـەیتان دەزانێـت کـە ژیانـت دەگۆڕدرێـت ئەگـەر بـەردەوام گـوێ لـە وشـەی خـودا بگریـت و ڕێگـە بدەیـت کـە ببێتـە بەشـێک لـە نـاخ و دەروون و سیسـتەتی فکـر و هـزرت. بۆیـە شـەیتان نایەوێـت شـتێکی لـەو شـێوەیە ڕووبـدات.

ئەمـەش ڕێـک هـۆکاری نووسـینی ئـەم کتێبەیـە. ئـەم کتێبـە ئایەتگەلـی ئەوهـای لەخـۆ گرتـووە کـە بـاوەڕم وایـە ڕوانگـەت بەرامبەر خـۆت دەگۆڕێـت، بەو هۆیەشـەوە، ئێسـتا و داهاتـووت دەگۆڕێـت.

بەپێـی کتێبی پیـرۆز، تـۆ لـە وێنـەی خـودا دروسـت کراویـت (پەیدابـوون ١: ٢٧). ئەگـەر بـاوەڕ بـەو شـتە بکەیـت کـە خـودا لەبـارەی تـۆوە دەیڵێـت، ئـەوا بۆچـوون و ڕوانینـت لەسـەر خـۆت دەگۆڕدرێـت. ئـەم پرسـیارە لـە خـۆت بکـە: «چـۆن بیـر لـە خـۆم دەکەمـەوە؟ دیـد و ڕوانگـەم بەرامبـەر خـۆم چۆنـە؟» ئینجـا لـە خـۆت بپرسـیە: «خـودا چـۆن بیـر لـە مـن دەکاتـەوە؟ دیـد و ڕوانگـەی خـودا لەبـارەی منـەوە چۆنـە؟»

لەنێـو کتێبـی پیـرۆزدا هاتـووە کـە خـودا چـۆن بیـر لـە تـۆ دەکاتـەوە و چیـت لەبـارەوە دەفەرموێـت. ئـەو ئایەتانـەی کـە باسـی دانپێدانـان دەکـەن، دەبنـە هـۆی ئـەوەی کـە لەگـەڵ خـودا هاودەنـگ و هـاوڕا بیـت نـەوەک دوژمـن. لەوانەیـە بـە درێژایـی ژیانـت، شـەیتان درۆی لەگـەڵ کردبیـت، تـۆش بـاوەڕت بـە درۆکانـی کردبێت. ئێسـتا کاتـی ئەوەیـە کـە بـاوەڕ بـە خـودا بکەیـت.

لـە (یۆحەنـا ١٧: ١٧)دا، عیسـا دەفەرموێـت کـە وشـەی خـودا ڕاسـتییە، وە لـە (یۆحەنـا ٨: ٣٢)دا دەفەرموێـت ئـەوە ڕاسـتییە کـە دەبێتـە هـۆی ئازادبوونمـان. وشـەی خـودا، نـەك تەنهـا وشـەی ڕاسـتییە و دەبێتـە هـۆی ڕزگاربوونمـان، بەڵکـو ڕوانگـە و سروشتیشـمان دەگۆڕێـت. هـەر لەبـەر ئەمەیـە کـە دەبێـت بیخوێنیتـەوە، لێکۆڵینـەوەی لەبـارەوە بکەیـت و بـە قووڵـی بیـری لـێ بکەیتـەوە و ڕێگـەی بدەیـت لـە ناختـدا نیشـتەجێ بێـت.

بـە هـۆی مەسـیحەوە دەتوانیـت دڵنیـا و ئاسـوودە بیـت، پـڕ لـە خۆشـی و شـادی بیـت، کەسـێکی سـەرکەوتوو بیـت، دڵسـۆز بیـت، هاوڕێـی خـودا بیـت، ئـەو کەسـە

بیت کە داوای ڕووی خودا دەکات.[a]

داننان ئەو شتەیە کە لە وشەکانیدا لەبارەی تۆوە فەرموویەتی. کاتێک دان بە گوناهەکانتدا دەنێیت، خودا دەست دەکات بە کارکردن لەسەر ژیانت. لە کەسێکی دڵشکاو و بریندار و ترسنۆکەوە دەتکات بە هاوڕێیەکی دڵسۆز و وەفادار کە زۆری خۆشدەوێت.

(ئیشایا ٦١: ١- ٣) دەڵێت:

ڕۆحی یەزدانی باڵادەست بەهێزم دەکات، چونکە یەزدان دەستنیشانی کردووم بۆ مژدەدان بە هەژاران. منی ناردووە بۆ تیمارکردنی دڵشکاوەکان، بۆ جاڕدانی ئازادی بۆ ڕاپێچکراوەکان و ئازادکردنی دیلەکان، بۆ ڕاگەیاندنی ساڵی ڕەزامەندی یەزدان و ڕۆژی تۆڵەسەندنەوەی خودامان، بۆ دڵنەواییکردنی هەموو پرسەدارەکان. ناردوومی بۆ ئەوەی بە پرسەدارەکانی سییۆن ببەخشم تاجێکی جوان لەسەرمە لە جێی قوڕ، زەیتی دڵخۆشی لە جێی پرسە، هەروەها بەرگی ستایش لە جێی ڕۆحی ورەبەردان. جا پێیان دەگوترێت دار بەڕووی ڕاستودروستی، نەمامی یەزدان بۆ دەرخستنی شکۆمەندییەکەی.»

بەڵێ، خودا دەتگۆڕێت. کەسایەتی تۆ دەگۆڕێت. ژیانت دەگۆڕێت. خودا خۆشی دەوێیت. تۆ کەسێکی تایبەتیت. دوژمن نایەوێت کە تۆ هەست بەوە بکەیت کە کەسێکی خۆشەویستیت، بەڵام خودا دەیەوێت.

لە ڕێگەی ئەم کتێبەوە نەك تەنها فێری ئەوە دەبیت کە چۆن لە خۆشەویستی خودا دڵنیا بیت، بەڵکو چۆن لە داهاتووشت دڵنیا بیت و هەروەها پێت دەڵێت کە چۆن ڕاستودروستیت بزانیت (واتە بزانیت کە بە هۆی مەسیحەوە تۆ کێیت)،

a ئەمە لە گۆرانییەکی ڕۆحییەوە وەرگیراوە بە ناوی «ناوت دەگۆڕم.»

هەروەهـا چـۆن بەسـەر ئـەو ترسـەدا زاڵ بیـت کـە دەبێتـە هـۆی دزینـی هەمـوو ئـەو بەرەکەتانـەی کـە خـودا ئـارەزوو دەکات پێـت ببەخشـێت، وەکـو بەشـێک لـەو ژیانـە مەزنـەی کـە بـۆ تـۆی دانـاوە.

خـودا بەرەکەتـدارت بـکات کـە فێـر دەبیـت وشـەکانی دەرببڕیـت بـۆ ئـەوەی بـە بەتاڵـی و بـێ سـوود نەگەڕێتـەوە بـۆی، بەڵکـو ببێتـە هـۆی بەدیهێنانـی ویسـت و خواسـتی لـە ژیانتـدا!

# بەشی یەکەم

## تاقیکردنەوەی خۆشەویستیی خودا

«بـەڵام لـە هەمـوو ئەمانـەدا لـە ڕادەبـەدەر سـەرکەوتووین لـە ڕێگـەی ئـەوەی کـە خۆشـی ویسـتووین، چونکـە دڵنیـام نـە مـردن و نـە ژیـان، نـە فریشـتەکان و نـە سـەرۆکەکان، نـە شـتەکانی ئێسـتا و نـە شـتەکانی داهاتـوو، نـە هێزەکان، نـە بـەرزی و نـە قووڵـی، نـە بەدیهێـنراوی دیکـە، ناتوانێـت لـە خۆشەویسـتی خـودا جیامـان بکاتـەوە کـە لـە ڕێگـەی عیسـای مەسـیحی گەورەمانـەوە بۆمـان دێـت.» (ڕۆمـا ٨: ٣٧- ٣٩)

لـەم دەقـەدا پۆڵسـی نێـردراو دڵنیامـان دەکاتـەوە لـەوەی کـە گرنـگ نییـە لـەم ژیانـەدا ڕووبەڕووی چـی دەبینـەوە، سـەرکەوتن لـە ڕێگـەی عیسـای مەسـیحەوە هـی ئێمەیـە کـە بـە ڕادەیـەک خۆشـی ویسـتین کـە ژیانـی خـۆی لـە پێناومانـدا دانـا.

لـە (یۆحەنـا ٣: ١٦)دا، عیسـا دەفەرموێـت: «لەبـەر ئـەوەی خـودا ئەوەنـدە جیهانـی خۆشویسـت، تەنانـەت کـوڕە تاقانەکـەی بەختکـرد، تاکـو هەرکەسـێك بـاوەڕی پـێ بهێنێـت لەنـاو نەچێـت، بەڵکـو ژیانـی هەتاهەتایـی هەبێـت.»

عیسـا بـە تایبـەت ئەوەنـدە تـۆی خۆشـدەوێت کـە ئەگـەر تەنها تـۆ لەسـەر زەوی بژیابـای، ئـەوا دیسـان ژیانـی خـۆی لـە پێناوتـدا بەخـت دەکـرد. یۆحەنـای قوتابـی لــە (یەکــەم یۆحەنــا ٤: ١٨)دا دەڵێــت: «خۆشەویســتی ترســی تێــدا نییــە، بەڵکــو خۆشەویسـتی تـەواو تـرس دەردەکاتـە دەرەوە، چونکـە تـرس لـە سـزاوە دێـت. ئـەوەی بترسـێت لـە خۆشەویسـتیدا تـەواو نەبـووە.»

هەبوونـی تـرس لەنێـو دڵمانـدا، واتـە بـە تـەواوی نازانیـن کـە خـودا چەنـدە ئێمـەی

خۆشـدەوێت. ئەگـەر ئاسـتی خۆشەیسـتی خـودات بزانیبـا، ئـەوا هەمـوو ترسـەکانت لەناودەچـوون.

لـە (یۆحەنـا ١٦: ٢٧)دا، عیسـا دەفەرموێـت: «چونکـە بـاوك خـۆی ئێـوەی خۆشـدەوێت، لەبـەر ئـەوەی منتـان خۆشویسـتووە و باوەڕتـان کـرد کـە لـە لای خـوداوە هاتـووم.»

ئایـا زەحمەتـە بەلاتـەوە کـە بـاوەڕ بـەوە بکەیـت کـە خـودا بایەخێکـی زۆت پێـدەدات و تـۆی بـەلاوە گرنگـە؟

بـۆ مـاوەی چەندیـن سـاڵ نەمدەتوانـی خۆشەویسـتی خـودا وەربگـرم، چونکـە پێموابـوو کـە دەبێـت شـایانی خۆشەویسـتییەکەی بـم. بـەڵام ئێسـتا دەزانـم کـە خـودا خۆشـیدەوێم، سـەرەڕای هەمـوو ئـەو کەموکوڕییـەی کـە هەمـە.

لـە (یۆحەنـا ١٤: ٢١)، عیسـا وەبیرمـان دێنێتـەوە کاتێـک کـە دەفەرموێـت: «ئـەوەی ڕاسـپاردەکانی منـی لەلایـە و کاریـان پـێ دەکات، ئـەوا منـی خۆشـدەوێت. ئـەوەی منی خۆشـبوێ، باوکیشـمی خۆشـدەوێت، منیـش خۆشـمدەوێت و خۆمـی بـۆ دەردەخـەم.»

عیسا دەیەوێت بۆتی بسەلمێنێت کە ڕاستەقینەیە و بوونی هەیە.

گوێڕایەڵـی بەرهەمـی خۆشەویسـتی ڕاسـتەقینەیە، بـەڵام هەرگیـز ناتوانیـت ئەوەنـدە خـودات خۆشـبوێت کـە گوێڕایەڵـی بیت، مەگـەر ئـەوەی کـە یەکـەم جـار ئـەو خۆشەویسـتییە قبـوڵ بکەیـت کـە بەرامبـەر تـۆ هەیەتـی. ئـەو خۆشەویسـتییە خوداییـە بـە کار و کـردەوە بەدەسـت نایـەت. واتـە بـە کاری بـاش بەدەسـت نایـەت، یاخـود بـە هەڵسـوکەوت و ئـاکاری دروسـت وەرناگیردرێـت.

خۆشەویسـتی خـودا دیارییەکـی بـێ بەرامبـەرە؛ هیـچ مەرجێکیشـی نییـە. لـە

ڕێگەی ئەو قوربانییەوە بەدەستمان دەگات کە عیسای مەسیح لەسەر خاچ لە پێناوماندا دای.

هەر ئێستا خۆشەویستی خودا بەدەستبهێنە. لە بەردەم خودا دابنیشە و بڵێ: «ئەی یەزدان، باوەڕم بەوە هەیە کە تۆ منت خۆشدەوێت و خۆشەویستی تۆ وەردەگرم.»

(یەکەم یۆحەنا ٤: ١٩) دەڵێت: «خۆشماندەوێت، چونکە یەکەم جار ئەو خۆشیویستووین.» پێدەچێت تۆش بە پێچەوانەوە هەڵسوکەوتت کردبێت وەکو چۆن من بۆ ماوەی چەندین ساڵ بەو جۆرە بووم. لەوانەیە هەوڵبدەیت کە بەپێی پێویست خودات خۆشبوێت بۆ ئەوەی ئەویش لە بەرامبەردا خۆشی بوێت. بەڵام ئەوەتا لە (یەکەم یۆحەنا ٤: ١٩)دا دەڵێت: «خۆشماندەوێت، چونکە یەکەم جار ئەو خۆشیویستووین.»

داود لە خۆشەویستی خودا دڵنیا بوو کاتێک کە لە (زەبووری ٣٦: ٧) بە خودای گوت: «ئەی خودایە، خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت چەند بەنرخە! ئادەمیزاد لەژێر سێبەری باڵەکانت پەنا دەگرن.»

دەمەوێ باسی (زەبووری ١٣٩)تان بۆ بکەم. داودی پاشا بە شێوازێکی زۆر تایبەت پەیوەندی لەگەڵ خودا دروست دەکرد، بۆیە ئێمەش ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان دەخەینە گەڕ کە وەکو ئەو بکەین.

«ئەی یەزدان، تۆ منت پشکنی و منت ناسی. هەستان و دانیشتنی منت زانیوە، لە دوورەوە لە بیرکردنەوەم گەیشتووی. ڕێڕەو و جێی ڕاکشانی منت پێواوە، شارەزای هەموو ڕێگاکانی منیت. ئەی یەزدان، بەر لەوەی وشەیەك لەسەر زمانم هەبێت، تۆ بە تەواوی دەیزانی. لەپێش و لە پشتەوە دەورت داوم،

دەستت دەخەیتە سەرم.

ئەم زانینەی تۆم بەلاوە زۆر سەیرە، لە سەرووی منەوەیە، ناتوانم بەدەستی بهێنم. بۆ کوێ بچم لە ڕۆحی تۆ؟ بۆ کوێ هەڵبێم لە ڕوخسارت؟

ئەی خودایە، بیرۆکەکانت بەلای منەوە چەند گرانبەهایە! کۆی ژمارەیان چەندە مەزنە! ئەگەر بیانژمێرم، لە لم زیاترن. کە بەئاگادێمەوە هێشتا لەگەڵ تۆم.»

بەڕاستی دەقێکی بەهێزە!

ئیشایای پێغەمبەر پێمان دەڵێت کە خودا چاوەڕێیە بۆ ئەوەی باش و میهرەبان بێت لەگەڵمان: «بەڵام یەزدان چاوەڕێی ئەوە دەکات هەتا لەگەڵتان میهرەبان بێت، لەبەر ئەوە هەڵدەستێت بۆ ئەوەی بەزەیی پێتاندا بێتەوە، چونکە یەزدان خودای دادپەروەرییە. خۆزگە بەوانەی چاوەڕێی دەکەن!» (ئیشایا ٣٠: ١٨)

بیر لەوە بکەنەوە، خودا دەیەوێت کاتت لەگەڵ بەسەر ببات، چونکە خۆشیدەوێیت و تۆ بەلای ئەوەوە کەسێکی تایبەتیت.

خودا ئەوەندە خۆشیدەوێیت کە سەرگەردانییەکانت تۆمار دەکات و فرمێسکەکانت دەخاتە نێو بوتڵێکەوە و لە پەڕتووکەکەیدا تۆماری دەکات. (زەبووری ٥٦: ٨).

عیسای مەسیح لە (یۆحەنا ١٤: ١٨)دا بە قوتابییەکانی دەفەرموێت: «بە هەتیوی بەجێتان ناهێڵم، دێمەوە لاتان.»

داود لە (زەبووری ٢٧: ١٠)دا دەنووسێت: «تەنانەت دایك و باوکیشم وازم لێ بهێنن، یەزدان دەمگرێتە خۆی.»

لەوانەیە تۆ ئەو خۆشەویستییە سروشتییەت نەبێت کە هەموو کەسێک حەزی

لێدەکات و بەدوایدا دەگەڕێت؛ لەوانەیە تەنانەت کەسوکار و خێزانەکەت پشتیان تێ کردبێتی و وازیان لێت هێنابێت. بەڵام ئەمڕۆ یەزدان دەیەوێت بزانیت کە خۆشەویستی ئەو بۆ تۆ ئەوەندە بەهێز و مەزن و بەتوانایە کە جێگەی خۆشەویستی هەموو کەسێکت بۆ پڕ دەکاتەوە. کەواتە ڕێگەی بدە کە ئارامت بکاتەوە و دڵە شکاوەکەت شیفا بدات.

تۆ بوویی بە بەشێک لە خێزانی خودا، واتە ئێستا تۆ ڕۆڵەی خودای و خودا تۆی خۆشدەوێت.

لە (ئەفەسۆس ٣: ١٧- ١٩)دا، پۆڵسی نێردراو نوێژی بۆ من و تۆ کرد و گوتی:

«تاکو بە باوەڕ مەسیح لە دڵتاندا نیشتەجێ بێت و ڕەگ و بناغەتان لە خۆشەویستیدا دابمەزرێت، تاکو توانادار بن، لەگەڵ تەواوی گەلی پیرۆزی خودا تێبگەن کە پانی و درێژی و بەرزی و قووڵی خۆشەویستی مەسیح چییە، تاکو ئەم خۆشەویستییە بناسن کە لە سەرووی زانیارییەوەیە، بۆ ئەوەی پڕبن لە هەموو پڕییێتی خودا.»

بەڵێ، خودا تۆی خۆشدەوێت و چاودێریت دەکات و ئاگای لێتە. هەمیشە چاوی لەسەرتە و گرنگیت پێدەدات. (ئیشایا ٤٩: ١٦) دەڵێت کە وێنەی تۆی لەنێو لەپی دەستیدا هەڵکۆڵیوە.

لە (یۆحەنا ١٥: ٩)، عیسا فەرمووی: «هەروەك چۆن باوك منی خۆشویستووە، ئاوا ئێوەم خۆشویستووە، جا بە خۆشەویستییەکەمەوە پەیوەست بن.»

## خودا چەندە تۆی خۆشدەوێت؟

«کەس خۆشەویستی لەمە گەورەتری نییە کە یەکێك ژیانی خۆی بۆ دۆستەکانی دابنێت.» (یۆحەنا ١٥: ١٣)

هیچ کەسێک خۆشەویستی لەوە گەورەتری بۆت نییە.

عیسا دەیەوێت ببێتە هاوڕێ و هاودەمت. ئەو ژیانی خۆی لەپێناو تۆدا بەخشی بۆ ئەوەی نیشانت بدات کە چەندە تۆی خۆشدەوێت.

پۆڵس لە (ڕۆما ٥: ٦)دا وەبیرمان دێنێتەوە کە: «کاتێك هێشتا لاواز بووین، مەسیح لە کاتی دیاریکراودا لە پێناو گوناهباران مرد.»

خودا ڕێك لە کاتی دیاریکراودا خۆشەویستییە گەورەکەی نیشانداین، لە ڕێگەی ناردنی مەسیح بۆ سەر زەوی، تاکو لە پێناوی ئێمەدا بمرێت، لە کاتێکدا ئێمە هێشتا گوناهبار بووین. ئینجا پۆڵس بەردەوام دەبێت و لە ئایەتی حەوتدا دەڵێت: «بە دەگمەن کەسێك لە پێناوی مرۆڤێکی ڕاستودروست دەمرێت، لەوانەیە لە پێناوی مرۆڤێکی باش کەسێك بوێرێت بمرێت.“ لە کۆتاییدا لە ئایەتی هەشت، پۆڵس ئەم دەرەنجامەمان پێدەدات: ”بەڵام خودا خۆشەویستی خۆی بۆ دەرخستین، بەوەی مەسیح لە پێناوی ئێمەدا مرد، کاتێك هێشتا گوناهبار بووین.

هاوڕێ ئازیزەکانم، خودا زۆر تۆی خۆشدەوێت. ڕۆحی پیرۆز هەوڵ دەدات کە خۆشەویستی خودات بۆ ئاشکرا بکات. دڵت بکەوە و خۆشەویستی خودا وەربگرە. بەو جۆرەی کە هەی قبوڵ و پەسەندت دەکات. هەرگیز ڕەتت ناکاتەوە و هەرگیز حوکمت نادات (یۆحەنا ٣: ١٨).

پۆڵس لە (ئەفەسۆس ١: ٦)دا باسی ئەوەی کردووە کە ئێمە بەهۆی پەروەردگار

عیسای مەسیحی ئازیز و خۆشەویستیەوە، خودا قبوڵی کردووین. ئەوەی کە بووەتە هۆی قبوڵکردنمان بریتی نییە لە توانای تەواو و کامڵبوونی خۆمان. تەنها لە ڕێگەی مەسیحەوە ئێمە بەپێی پێویست ڕاستودروست کراوین کە بتوانین بێینە خزمەتی باوکی ئاسمانی.

«لە ڕێگەی خوێنی مەسیح کڕدراینەوە، واتە لێخۆشبوونی گوناهمان وەرگرت، بەگوێرەی دەوڵەمەندی نیعمەتەکەی.» (ئەفەسۆس ١: ٧).

لە (ئیشایا ٥٤: ١٠)دا پێمان گوتراوە: «هەرچەندە چیاکان نامێنن و گردەکان دەهەژێن، بەڵام خۆشەویستی نەگۆڕی من بۆ تۆ دەمێنێت و پەیمانی ئاشتیم ناهەژێت، ئەوە فەرمایشتی یەزدانە، ئەوەی بەزەیی پێتدا دێتەوە.»

پۆڵس لە (یەکەم کۆرنسۆس ١: ٩) دا وەبیرمان دێنێتەوە کە «خودا بەوەفایە،...» بەڵێنی داوە کە هەتا باوەڕت بە مەسیح هەبێت، ڕەتت نەکاتەوە، هەروەها بەڵێنی داوە کە خۆشیبوێیت و تۆش بەڵێنەکانی بپارێزێت.

عیسا لە (یۆحەنا ١٧: ٩، ١٠)دا دەفەرموێت کە نوێژت بۆ دەکات چونکە تۆ هی ئەویت. خودا تۆی داوە بە مەسیح، وە ئەو بەهۆی تۆوە مەزن و شکۆدارە.

خودا خۆشیدەوێی. ئەو خۆشەویستییە قبوڵ بکە.

لەگەڵ داودی زەبووربێژدا بڵێ:

«ئەی گیانی من، ستایشی یەزدان بکە، هەموو ناخیشم ستایشی ناوی پیرۆزی بکە.

ئەی گیانی من، ستایشی یەزدان بکە، هیچ چاکەیەکی لەبیر مەکە:

ئەوەی لە هەموو گوناهێکت خۆشدەبێت، لە هەموو نەخۆشییەك چاکت دەکاتەوە،

ئـەوەی ژیانـت لـە گـۆڕ دەکڕێتـەوە، خۆشەویسـتی نەگـۆڕ و بەزەیـی دەکاتـە تاجـی سـەرت.» (زەبـووری ١٠٣: ١- ٤).

داود بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

«ئـەوەی تەمەنـت تێـر دەکات بـە چاکـە، تاکـو گەنجییەتیـت وەك هەڵـۆ نـویێ ببێتـەوە. یـەزدان ڕاستودروسـتی ئەنجـام دەدات،... یـەزدان میهرەبـان و بـە بەزەییـە، پشـوودرێژە و خۆشەویسـتی نەگـۆڕی زۆرە. وەك بـەرزی ئاسـمان لەسـەر زەوییـەوە، خۆشەویسـتییە نەگۆڕەکـەی زۆرکـردووە بـۆ ئەوانـەی کـە لێـی دەترسـن. وەك دووری ڕۆژهـەڵات لـە ڕۆژئـاواوە، یاخیبوونەکانمانـی لـێ دوورخسـتووینەتەوە. وەك بـاوك چـۆن بەزەیـی بـە منداڵەکانیـدا دێتـەوە، یەزدانیـش ئـاوا بەزەیـی بەوانـەدا دێتـەوە کـە لێـی دەترسـن. بـەڵام خۆشەویسـتی نەگـۆڕی یـەزدان لـە ئەزەلـەوە و هەتاهەتایـە بـۆ ئەوانەیـە کـە لێـی دەترسـن، ڕاستودروستییەکەشـی بـۆ نەوەکانـە.» (زەبـووری ١٠٣: ٥، ٦، ٨، ١١- ١٣، ١٧)

داود دیسـان لـە (زەبـووری ٣٢: ١٠)دا پێـمان دەڵێـت: «بـەدکارەکان ئازاریـان زۆرە، بـەڵام ئـەوەی پشـت بـە یـەزدان ببەسـتێت، خۆشەویسـتی نەگـۆڕ دەوری دەدات.» هەروەهـا لـە (٣٤: ١- ٨)دا دەڵێـت:

«هەمـوو کاتێـك ستایشـی یـەزدان دەکەم، هەمیشـە ستایشـی ئەو لەسـەر لێوەکانمە. گیانـم شـانازی بـە یەزدانـەوە دەکات، بـا ستەملێکراوان گوێیـان لـێ بێـت و شـاد بـن. بـا پێکـەوە یـەزدان بـە گـەورە بزانیـن، بـا بەیەکـەوە نـاوی بـەرز بکەینـەوە.

ڕووم لـە یـەزدان کـرد، یـەزدان بـە دەنگمـەوە هـات، لـە هەمـوو ترسـەکانم فریـام کەوت. ئەوانـەی پشـت بـە یـەزدان دەبەسـتن، دەدرەوشـێنەوە، ڕوویـان هەرگیـز شـەرمەزاری پێـوە نابێت. ئـەم پیـاوە ستەملێکراوە هـاواری بـۆ کـرد، یـەزدان گوێـی

لـێ بـوو، لـە هەمـوو گرفتەکانـی ڕزگاری کرد. فریشـتەی یـەزدان دەوری ئـەو کەسـانە دەگرێـت کـە لێـی دەترسـن، دەربازیـان دەکات.

تامـی بکـەن و ببینـن کـە یـەزدان چاکـە! خۆزگـە دەخـوازرێ بـەو کەسـەی پەنـای بـۆ دەبـات.»

پەتـرۆس پێـمان دەڵێـت کـە خۆشەویسـتی گوناهـی زۆر دادەپۆشـێت (یەکـەم پەتـرۆس ٤: ٨). خۆشەویسـتی خـودا داتدەپۆشـێت. لەژێـر ئـەو خۆشەویسـتییەدا بـژی کـە داپۆشـیوی و ڕێگـەی بـدە کـە بەرەکەتـدارت بـکات. بـەردەوام دانـی پێـدا بنـێ و لەبـەر خۆتـەوە بڵـێ: «خـودا منـی خۆشـدەوێت.»

سـەرنج لـە ئایەتەکانـی ئـەم بەشـە بـدە و بـە وردی بیخوێنـەوە. ئـەم گوێڕایەڵییـەی تـۆ دەبێتـە هـۆی یارمەتیدانـت کـە ئـەو شـتە لـە خـودا وەربگریـت کـە حـەز دەکات پێـت ببەخشـێت - دڵنیابـوون لـە خۆشەویسـتییە جێگیـر و فراوانەکـەی.

# بەشی دووەم

## دڵنیابوون لە داهاتوو

ئێستاس حەز دەکەم باسی هەندێك ئایەتتان بۆ بکەم لەبارەی ئەو داهاتووە مەزنەی کە خودا بۆ تۆی لەبەرچاو گرتووە. دەمەوێت بزانیت کە تۆ کەسێکی بەنرخ و بەهاداریت و کاتێک خودا تۆی بەدیهێنا ئامانجی تایبەتی بۆت داناوە.

گۆرانییەکی ڕۆحی هەیە بە ناوی «من چارەنووسێکم هەیە»، کە تێیدا دانەری گۆرانییەکە دەڵێت کە چارەنووسێکی هەیە دەزانێت بەدی دێت، ئەو چارەنووسەی کە پێشوەخت خودا بۆی داناوە. ئەو خودایەی کە هەڵیبژاردووە و لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆزەوە بە شێوەیەکی زۆر باش و کاریگەر ئیشی لەسەر دەکات. گۆرانییەکە بە دانپێدانانێکی زۆر گرنگ کۆتایی دێت: «من چارەنووسێکم هەیە کە خۆزگەیەکی پووچ نییە، چونکە دەزانم بۆ کاتێکی لەم شێوەیە بەدیهاتووم، بۆ کاتێکی لەم شێوەیە، بۆ کاتێکی وەکو ئێستا.»

ئەدی تۆ؟ تۆ چۆن داهاتووت دەبینی؟

خودا دەیەوێت کە پڕ بیت لە ئومێد و هیوا، بەڵام شەیتان دەیەوێت کە تۆ کەسێکی بێ هیوا بیت. خودا دەیەوێت کە ڕۆژانە چاوەڕێی ڕوودانی شتی باش بکەیت، بەڵام شەیتان دەیەوێت کە ڕۆژانە چاوەڕێی بەدبەختی و وێرانی بکەیت.

نووسەری (پەندەکان ١٥: ١٥) دەڵێت: «هەموو ڕۆژانی ستەملێکراو سەختە، بەڵام دڵتەڕ هەمیشە لەسەر خوانی شادییە.»

پێشبینییە خراپەکان چاوەڕێی شتی خراپ دەکەن، پێش ڕوودانی. ئەو ئایەتە بە ڕوونی باسی ئەوە دەکات کە بە هۆی ئەم پێشبینییە خراپانەوەیە کە ڕۆژانی ژیانمان پڕە لە نەهامەتی و ناهەمواری.

داود لە (زەبووری ٢٧: ١٣)دا دەڵێت: «من هێشتا باوەڕم بەوە هەیە، کە لە خاکی زیندووان چاکەی یەزدان دەبینم.»

یەزدان لە (یەرمیا ٢٩: ١١)دا خواست و نیەتی بەرامبەر ئێمە ئاشکرا دەکات و دەفەرموێت: «خۆم ئەو پلانە دەزانم کە بۆ ئێوەم داڕشتووە، پلان بۆ ئاشتی و گەشەسەندنی ئێوە نەك بۆ زیانتان، بۆ ئەوەی دواڕۆژ و هیواتان بدەمێ. ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.»

بیرت نەچێت کە شەیتان دەیەوێت تۆ بێهیوا بیت. دەیەوێت نائومێد دەربکەویت، نائومێدانە بیر بکەیتەوە، نائومێدانە قسە بکەیت و نائومێدانە و بەوپەڕی بێهیواییەوە هەڵسوکەوت بکەیت.

بەڵام سەیری ئەم دەقە بەهێزە بکە، کە داود لە (زەبووری ٤٢: ١١)دا دەیڵێت: «ئەی گیانی من بۆچی خەمباریت؟ بۆ لە ناخمەوە پەرێشانیت؟ ئومێدت بە خودا هەبێت، چونکە من هەر ستایشی ئەو دەکەم، ئەو ڕزگارکەر و خودامە.»

ئەگەر ئایەتی لەم شێوەیە لەنێو دڵتدا هەڵبگریت، ئەوا یارمەتیت دەدات کە پڕ بیت لە ئومێد و لە چاوەڕوانی شتی باشدا بیت. هەروەها ئومێدوار دەربکەویت و بیر بکەیتەوە و قسە بکەیت و هەڵسوکەوت بکەیت.

پۆڵسی نێردراو لە (ڕۆما ٥: ٥)دا پێمان دەڵێت کە «هیواش نابێتە هۆی شەرمەزاری، چونکە خۆشەویستی خودا ڕژاوەتە ناو دڵمان، بە ڕۆحی پیرۆز کە پێمان دراوە.»

بە واتایەکی دیکە، دەزانین کە خودا خۆشیدەوێین، چونکە ڕۆحی پیرۆز وامان پێ دەڵێت. ئێمە ئومێدمان بە خودایە، چونکە دڵنیاین لەوەی کە خۆشیدەوێین و داهاتوویەکی مەزنی بۆ لەبەرچاو گرتووین. وە کاتێک ئومێد و چاوەڕوانییەکانمان لەودا خۆی دەبینێتەوە، هەرگیز نائومێد نابین و سەرمان لێ ناشێوێت و هەست بە شەرمەزاری ناکەین.

لە (زەبووری ٨٤: ١١)دا هاتووە: «چونکە یەزدانی پەروەردگار خۆر و قەڵغانە، یەزدان میهرەبانی و شکۆ دەبەخشێت، ڕێ لە چاکە ناگرێت بۆ ئەوانەی ڕێگایان تەواوە.»

پۆڵس لە ڕێگەی (فیلیپی ١: ٦)ەوە دڵنیامان دەکاتەوە کە «خودا کە لە ئێوەدا ئەم ئیشە چاکەی دەستپێکردووە، هەتا ڕۆژی عیسای مەسیح تەواوی دەکات.»

پۆڵس لە (ئەفەسۆس ٢: ١٠) هۆکاری ئەو دڵنیاییە گەورەیە ڕوون دەکاتەوە:

«چونکە ئێمە دروستکراوی دەستی خوداین، بە یەکبوونمان لەگەڵ عیسای مەسیح دەبینە بەدیهێنراوێك بۆ کاری چاکە، کە خودا پێشتر ئامادەی کردووە تاکو بە ئەنجامی بگەیەنین.»

لەوانەیە ئێستا لە خۆت بپرسیت و بڵێیت: «ئەگەر خودا پلانێکی ئەوەندە باشی بۆ من هەیە، کەی دەیبینم؟»

وەڵامی ئەو پرسیارە لە (ژیرمەندی ٣: ١٧)دا هاتووە: «...چونکە بۆ هەر چالاکییەك کاتی خۆی دەبێت، بۆ بڕیاردانیش لەسەر هەر کارێك کاتی خۆی.»

خودا لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا پلان و مەبەستەکانی بۆ تۆ جێبەجێ دەکات. ئەوەی کە لەسەر تۆ پێویستە ئەوەیە کە پەترۆس دەیڵێت کەوا بریتییە لە

بێفیزبـوون لەژێـر دەسـتی پـڕ هێـز و توانـای خـودا، بـۆ ئـەوەی لـە کاتـی خۆیـدا بــەرزت بکاتــەوە (یەکــەم پەتــرۆس ٥: ٦).

یـەزدان لـە (حەبەقـوق ٢: ٢)دا، بینینێکـی خودایـی سـەبارەت بـە بەرنامـە و پلانـی داهاتـوو بـە پێغەمبەرەکـەی دەدات و فەرمانـی پێـدەکات کـە بینووسـێتەوە بـۆ ئـەوەی کەسـانی دیکـە بتوانــن بیخوێننــەوە. بــەڵام لــە ئایەتــی پاشــتر، دەڵێــت: «چونکــە سروشـەکە بـۆ کاتـی دیاریکـراوە، باسـی کۆتایـی دەکات و درۆ نـاکات. ئەگـەر درێـژەی کێشـا چاوەڕێـی بکـە، چونکـە بێگومـان دێـت و دواناکەوێـت.» (حەبەقـوق ٢: ٣)

نوسـەری (عیبرانییـەکان ٦: ١٨، ١٩) پێـمان دەڵێـت کـە ئـەم شـتانە نووسرانەتـەوە بـۆ ئـەوەی «خـودا ئەمـەی کـرد تاکـو لـە ڕێگـەی دوو شـتی نەگۆڕەوە کـە مەحاڵـە خـودا تێیانـدا درۆ بـکات، ئێمـە کـە پەنامـان بـۆ ئـەو بـردووە، بـە دڵنەوایـی زۆرەوە دەسـت بگریـن بـەو هیوایـەی کـە لەپێشـمانی داناوە. ئـەم هیوایەمـان هەیـە کـە وەك لەنگـەرە بـۆ دەروونمـان، چەسـپاو و ڕاگـرە. دەچێتـە نـاو شـوێنی هەرەپیـرۆز لـە پشـت پەردەکـە.»

هەروەهـا پۆڵـس لـە (ڕۆمـا ٨: ٢٨)دا دەڵێـت: «ئێمـە دەزانیـن خـودا لـە هەمـوو شـتەکاندا کار دەکات بـۆ چاکـەی ئەوانـەی ئەویـان خۆشـدەوێت، ئەوانـەی بەگوێـرەی مەبەسـتی ئـەو بانگکـراون.» پاشـان پۆڵـس لـە نامەکەیـدا بـۆ کڵێسـای ئەفەسـۆس، وەبیرمـان دەهێنێتـەوە کـە ئێمـە ئومێدمـان هەیـە، کاتێـک کـە دەڵێـت «بـۆ ئـەوەی توانـادارە هەمـوو شـتێك بـکات زۆر زیاتـر لـەوەی کـە داوای دەکەیـن یـان بیـری لـێ دەکەینـەوە، بەگوێـرەی ئـەو هێـزەی کـە تیامانـدا کار دەکات.» (ئەفەسـۆس ٣: ٢٠)

خـودا دەیەوێـت پـڕ بیـت لـە ئومێـد و هیـوا، چونکـە ئامادەیـە شـتی زۆر لـەوە مەزنـتر ئەنجـام بـدات کـە ئومێـدی بـۆ دەخوازیـت. بـەڵام ئەگـەر تـۆ نائومێـد بیـت – بـەو جـۆرەی کـە شـەیتان دەیەوێـت – ئـەوا ناتوانیـت ئـەو کارە بکەیـت کـە خـودا

داوات لـێ دەکات، کـە بریتییـە لـە دانانـی ئومێـد و چاوەڕوانییەکانـمان لـەودا، هەروەها باوەڕبـوون بـەوەی کـە بەرنامـە و پلانێکـی باشـی بـۆ ژیانـت هەیـە، وە متمانەمـان بـەوە هەبێـت کـە ئـەو پلانـە خەریکـە دێتـە دی.

پۆڵـس لـە (ئەفەسـۆس ١: ١١)دا دەڵێـت کـە عیسـای مەسـیحی پـەروەردگار، «خـودا پێشـوەخت بەهـۆی مەسـیحەوە ئێمـەی هەڵبـژارد تاکـو بەگوێـرەی پلانەکـەی بـۆ ئـەو بیـن. خـودا هەمـوو شـتێك بەگوێـرەی مەبەسـت و ویسـتی خـۆی بەڕێـوە دەبـات.»

فەرمانـی خـودات لـە (یەشـوع ١: ٨) لەبیـر نەچێـت، کـە دەفەرموێـت: «پەڕتووکـی ئـەم فێرکردنـە لـە دەمـت جیـا نەبێتـەوە، بەڵکـو بـە شـەو و بـە ڕۆژ لێـی وردبـەرەوە، بـۆ ئـەوەی وریابیـت بـۆ کارکـردن بەپێـی هەمـوو ئـەو شـتانەی تێیـدا نـووسراوە، ئـەو کاتـە ژیانـت ڕاسـتەڕێ دەبێـت و سـەردەکەویت.»

هەروەهـا (دواوتـار ٣٠: ١٤)شـت لەبیـر نەچێـت: «بەڵکـو پەیامەکـە زۆر لێتـان نزیکـە، لەسـەر زمانتانـە و لـە دڵتاندایـە، هەتـا کاری پـێ بکـەن.»

یـەزدان لـە (ئیشـایا ٥٥: ١١)دا نیشـانمان دەدات کە چۆن دانانن بە وشـەکانیدا دەبێتە هـۆی ئـەوەی کـە ویسـت و خواسـتی ئـەو لـە ژیانمانـدا بێتـە دی: «فەرمایشـتەکەم ئـاوا دەبێـت کـە لـە دەممـەوە دێتـە دەرەوە: بـە بەتاڵـی ناگەڕێتـەوە بـۆم، بەڵکـو ئـەوەی مـن پێـم خۆشـە دەیـکات و سـەرکەوتوو دەبێـت لـەوەی بـۆی دەنێـرم.»

زارت بـە خـودا بپسـێرە، بـا زارت ببێتـە زاری ئـەو. دەسـت بکـە بـە دەربڕینـی وشـەکانی ئـەو، چونکـە ئـەو داهاتـوو و ئامانـج و بەرنامەیەکـی باشـی بـۆت هەیـە. بـا قسـەکانت لەگـەڵ خـودا یەکبگرێـت نـەوەک دوژمـن.

بیرت بێت کە هەریەک لە ئێمە چارەنووسێکی خوداییمان هەیە.

پێتوایە لە داهاتوودا چۆن دەبێت؟ شەیتان دەیەوێت کە پێتوابێت هەمیشە خراپتر دەبێت نەک باشتر. دەیەوێت چاوت لەسەر ئەوە بێت کە دەتوانیت لە داهاتوودا چەندە ببڕێت، نەک ئەوەی کە هەتا ئێستا چەندەت بڕیوە.

ئایا بێزار دەبێت لە خۆت و وا هەست دەکەیت کە هەرگیز ناگۆڕدرێیت؟ ئومێدوار بە، خودا هەمیشە دەتگۆڕێت. وشەکانی خودا بە شێوەیەکی زۆر باش لە تۆدا کار دەکەن.

(دواوتار ٧: ٢٢) وەبیرمان دێنێتەوە کە خودا یارمەتیمان دەدات تاکو کەم کەمە بەسەر دوژمندا زاڵ ببین.

پۆڵس لە (دووەم کۆرنسۆس ٣: ١٨)دا دەڵێت لە کاتێکدا لە وشەکانیدا چاو لە خودا دەکەین، ئەوا بەردەوام بۆ وێنەی ئەو دەگۆڕدرێین و ئەوە «لە شکۆیەك بۆ شکۆیەک»ی دیکە ڕوودەدات.

ئینجا لە (ڕۆما ١٢: ٢)، دەیخوێنینەوە کە ئێمە گۆڕدراواین بەهۆی نوێکردنەوەی تەواوی بیرمان و ئەم بیروبۆچوون و نموونە و ئاکارە نوێیانە، بەو شێوەیە «بە لێکدانەوە بتوانن دەریبخەن خواستی خودا چییە، کە باش و پەسەندکراو و تەواوە.»

پۆڵس لە (کۆلۆسی ١: ٢٧)دا دەڵێت کە نهێنی سەردەمەکان بریتییە لە مەسیح لە ئێمەدا، کە هیوا و ئومێدی شکۆداربوونە. باوکی ئاسمانی، تۆ بە شێوەیەکی شکۆدار دەبینێت. خودا لە دۆخی شکۆداربوونتدا، وێنەیەکی ئەوهای لەسەر تۆ هەیە کە ڕۆحی خۆی نارد بۆ ئەوەی لە تۆدا نیشتەجێ بێت تاکو دڵنیا بێت لەوەی کە ئەو شکۆداربوونە دێتە دی.

من وشەی «شکۆداربوون» بەم شێوەیە پێناسە دەکەم: دەرکەوتنی تەواوی

مەزنی و گەورەیی یەزدانە. کەواتە با ئومێدت بە خودا بێت و باوەڕت بەوە هەبێت کە هەموو ئەم ئایەتانە بۆ تۆیە.

هەوڵ بدە فێری ئەوە بیت کە بە شێوەیەکی ئەرێنی و پڕ لە باوەڕ و بەپێی بنەمای وشەی خودا قسە بکەیت. بە دەنگی بەرز بڵێ «ئێمە بە ڕوویەکی ئاشکرا وەك ئاوێنە وێنەدانەوەی شکۆی خودا دەدەینەوە، لە شکۆیەك بۆ شکۆیەك بۆ هەمان وێنە دەگۆڕدرێین» (دووەم کۆرنسۆس ٣: ١٨).

هەروەها بڵێ: «مەسیح تاکە ئومێدی منە کە بە هۆیەوە شکۆدارتر دەبم. ڕۆحی خودا ڕۆژانە کەم کەمە دەمگۆڕێت. ژیانم ئامانج و مەبەستی هەیە. خودا پلانێکی باشی بۆ من هەیە.»

بیرت نەچێت کە بەپێی (ڕۆما ٤: ١٧)، ئێمە خزمەتی خودایەک دەکەین کە «ئەو شتەی بوونی نییە دەیهێنێتە بوون.»

خودا لە وشەکانیدا چۆن باسی ئێمە دەکات؟

«بەڵام ئێوە گەلێکی هەڵبژێردراون، کاهینیێتی شاهانە، نەتەوەیەکی پیرۆز، گەلی تایبەتی خودان، تاکو چاکییەکانی ئەوە ڕابگەیەنن کە بانگی کردوون لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکییە سەیرەکەی.» (یەکەم پەترۆس ٢: ٩)

خودا دەیەوێت کە کار و ئاکارە مەزنەکانمان و ئەو تەواوەتییەمان بۆ دەربخات کە پلان و بەرنامەی بۆ دارشتووە. فێر بە کە بڵێی «من بانگکراوم کە لە تاریکی بچمە دەرەوە و پێ بنێمە نێو ڕووناکی شکۆداری یەزدانەوە.»

هەبوونی وێنەیەکی ناڕوون لەسەر خۆت واتە تاریکایی. حەزنەبوون لە خۆت واتە تاریکایی. ئەگەر پێتوابێت کە تۆ هیچ بەها و نرخێکت نییە واتە تاریکایی.

لـه (مەلاخـی ٣: ١٧)ەوە دەزانیـن کـە ئێمـە گەنجینـەی یەزدانیـن، موڵکـی تایبەتـی ئەویـن، گەنجینەیەکـی جیـاواز. بەڵـێ، تـۆ بەهاداریـت و ئامانـج و مەبەسـت و چارەنووسـت هەیـە. خـودا پلانێکـی گـەورە و مەزنـی بـۆ ژیانـت هەیـە. تـۆ دەبێـت ڕۆڵـی خـۆت لـە مێـژوودا بگێڕیـت، بـەڵام یەکـەم جـار دەبێـت بـاوەڕت پێـی هەبێـت تاکـو بتوانیـت ئـەو ڕۆڵـە بەدەسـت بهێنیـت.

لەوانەیـە ئێسـتا بڵێـی: «جۆیـس، بـەڵام مـن چەندیـن جـار شکسـتم خـواردووە. هەڵەیەکـی زۆرم کـردووە و دڵنیـام لـەوەی کـە خـودام بێهیـوا کـردووە.»

پۆڵسـی نێـردراو لـە (فیلیپـی ٣: ١٣، ١٤)دا، دانـی بـەوەدا نـاوە کـە هێشـتا نەگەیشـتووەتە ئاسـتی تەواوەتـی و بـێ کەموکـوڕی، بـەڵام دانـی بەوەشـدا نـاوە کـە کۆڵـی نـەداوە:

«خوشـکان، برایـان، مـن وا دانانێـم کـە بەدەسـتم هێنـاوە، بـەڵام شـتێك دەکـەم: ڕابـردوو لەبیـر دەکـەم و بـەرەو داهاتـوو بەوپـەڕی کۆشـشـەوە هەنـگاو دەنێـم، بـەرەو ئامانـج تێدەکۆشـم تاکـو ئـەو خەڵاتـە بەدەسـتبهێنم کـە خـودا لـە ڕێگـەی عیسـای مەسـیحەوە بانگهێشـتی کـردووم بـۆ ئاسـمان.»

خـودا پلانێکـی باشـی بـۆ ژیانـت هەیـە. لـە ڕابـردوودا مـەژی. گـوێ لـە وشـەی خـودا بگـرە کـە لـە (ئیشـایا ٤٣: ١٨، ١٩)دا تۆمـار کـراوە:

«باسـی سـەرەتاکان مەکـەن، لـە دێرینـەکان ڕامەمێنـن. ئەوەتـا مـن شـتێکی نـوێ دەکـەم! ئێسـتا سـەرهەڵدەدات، ئایـا نایزانـن؟ لـە چۆڵەوانـی ڕێـگا دادەنێـم و لـە بیابـان ڕووبـارەکان.»

لـە کۆتاییـدا گـوێ لـەوە بگـرە کـە خـودا لـە ڕێگـەی (ئیشـایا ٤٣: ٢٥)ەوە پێـت ڕادەگەیەنێـت: «منـم، منـم کـە یاخیبوونەکانـت دەسـڕمەوە، لـە پێنـاو خـۆم،

گوناهەکانیشـت بەبیـر خۆمـی ناهێنمـەوە.»

خـودا بەڕاستی دەیەوێـت ببیـت بـە هەمـوو ئـەو شـتانەی کە ئـەو پـلان و بەرنامەی بـۆ دانـاوە. ئـەو دەیەوێـت کـە تـۆ لـە کاتـی چێژوەرگرتـن لـەو ژیانـە تێروتەسـەلە باشـەدا ببینێـت کـە بۆتـی دانـاوە. ئـەو بـە هـۆی نیعمـەت و بەزەیـی فراوانیـەوە ئامادەیـە کـە هەمـوو ئـەو کارە خراپانـە بسـڕێتەوە کـە لـە ڕابـردوودا ئەنجامـت داوە، هەروەهـا چارەسـەری هەمـوو ئـەو هەڵـە و خراپییانـەش دەکات کـە لـە داهاتـوودا ئەنجامـی دەدەیـت.

پێویسـت نـاکات خـەم لـە ڕابـردوو بخۆیـت، هەروەهـا لـە داهاتـووش مەترسـە. هـەر کاتێـک پێویسـتت بـە یارمەتـی بـوو، خـودا ئامادەیـە یارمەتیـت بـدات.

(ئیشایا ٤٠: ٣١) بەڵێمان پێدەدات کە:

«ئەوانـەی چاوەڕوانـی یەزدانـن، هێزیـان نـوێ دەبێتـەوە، وەك هەڵـۆ لـە شـەقەی بـاڵ دەدەن، ڕادەکـەن و شـەکەت نابـن، دەڕۆن و مانـدوو نابـن.»

لـەو ئایەتـەدا دڵنیاییەکـی زۆر گـەورەی پـڕ لـە خۆشەویسـتیی پایـەدار و چەسـپاوی خـودا دەبینیـن لەگـەڵ دابینکردنـی پەرجووئاسـای[b] ڕۆژانـە بـۆ هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە ڕۆژی پاشـتر ڕووبەڕوومـان دەبێتـەوە.

بەڵێنـە جـوان و مەزنەکانـی خـودا و پلانـە بێهاوتاکانـی بپۆشـە و بەوپـەڕی ئومێـد و دڵنیاییـەوە ڕووبـەڕووی داهاتـووت ببـەوە، دڵنیـا بـە لـەوەی کـە خـودا دەتوانێـت ئـەو بەڵێنـە جێبەجـێ بـکات کـە داویەتـی (ڕۆمـا ٤: ٢١).

تەماشـای دواوە مەکـە، بەڵکـو چـاو لـە بەردەمـت بکـە. ئینجـا بـە بـاوەڕەوە

b پەرجوو: کاری سەرسوڕهێنەری سەرووی سروشت کە تەنها لە دەسەڵاتی خودایە. لە زمنی عەرەبی پێی دوگوترێ (معجزە).

هەنــگاو بنــێ.

بیرت نەچێت کە چارەنووسێکی خواییانەت هەیە بۆ ئەوەی جێبەجێی بکەیت.

# بەشی سێیەم

## زانینی ڕاستودروستیت لە مەسیحدا

ئێستا حەزدەکەم باسی هەندێک ئایەتتان بۆ بکەم کە پەیوەستن بە ڕاستودروستییەوە.

گۆرانی «من بوومەتە ڕاستودروستی خودا»، باسی لەخۆگرتنەوە لەنێو خێزانی خودا دەکات، هەروەها ڕاوەستان لە بەردەم تەختی پاشایەتی یەزدان وەکو ئەندامانی خێزانی پاشایەتی، کە بەهۆی عیساوە کاملبووین و بووینەتە هاومیراتی عیسا، گوناهمان سڕدرایەوە و بەهۆی خوێنی پاکییەوە کڕدراینەوە.[c]

تۆ بەهۆی عیسای مەسیحەوە بوویتەتە ڕاستودروستی خودا، هەروەکو چۆن پۆڵس لە (دووەم کۆرنسۆس ٥: ٢١)دا دەڵێت: «ئەوەی گوناهی نەدەناسی خودا لە پێناوی ئێمە کردییە گوناه، تاکو بە یەکبوون لەگەڵ ئەو ببین بە ڕاستودروستی خودا.»

(زەبووری ٤٨: ١٠) بەم شێوەیە باسی خودا دەکات: «ئەی خودایە، وەك ناوت، ستایشت دەگاتە ئەوپەڕی زەوی، دەستە ڕاستت پڕە لە ڕاستودروستی.»

خودا دەستی بەرەو ڕووی تۆ درێژ کردووە کە پڕە لە ڕاستودروستی.

پۆڵس لە (یەکەم کۆرنسۆس ١: ٨)دا دڵنیات دەکاتەوە لەوەی کە «ئەوەی هەتا کۆتایی دەتانچەسپێنێت، تاکو لە ڕۆژی عیسای مەسیحی گەورەماندا بێ گلەیی بن.»

---

c هۆنراوە و مۆسیقاکەی لە لایەن کریس سێڵمەیەرەوە دانراوە.

واتـای ئـەو ئایەتـە دەزانیـت؟ واتـە، خـودا تـۆ بـە ڕاستودروسـت دەبینێـت. ئەمـڕۆ، ڕێـک لـەو شـوێنەدای کـە خـودا دەیەوێـت. ئامادەیـە کـە لـە بەرامبـەر درۆکانـی شـەیتاندا بەرگریـت لـێ بـکات، کـە سـکاڵاکەری خوشـک و برایانـە (پەیدابـوون ١٢: ١٠).

ئەگـەر بـاوەڕ و متمانـەی تـەواوت بـە عیسـای مەسـیح هەیـە، ئـەوا چیـتر خـودا وەکـو تاوانبـار چـاوت لـێ نـاکات و ئامادەیـە کـە بێتاوانـی تـۆ بسـەلمێنێت.

عیسـا لـە وتـاری سـەر چیـادا، بـە شـوێنکەوتووانی فەرمـوو: «خۆزگـە دەخوازرێـت بەوانـەی کـە برسـی و تینـوون بـۆ ڕاستودروسـتی، چونکـە تێـر دەکرێـن.» (مەتـا ٥: ٦).

بەپێـی فەرمایشـتەکانی عیسـا، تـۆ وەکـو ڕۆڵـەی لەدایکبـووەوەی خـودا، ڕاسـپێردراویت کـە لـە بارودۆخێکـدا بژیـت کـە بتوانیـت چێـژ لـە باشـی و بەرەکەتـی خـودا وەربگریـت. تـۆ مافـی ئـەوەت پێـدراوە کـە چێـژ لـە ژیـان وەبگریـت، چونکـە ئـەوە دیـاری خودایـە بـۆ تـۆ.

دەسـت بکـە بـە گوتنـی ئـەم ڕسـتەیە: «بەهـۆی عیسـای مەسـیحەوە، مـن ڕاستودروسـتی خـودام.»

لەوانەیـە هـەوڵ و کۆششـت کردبێـت کـە خـۆت لەبـەردەم خـودا ڕاستودروسـت نیشـان بدەیـت. بـەڵام ڕاستودروسـتی بـەو شـێوەیە بەدەسـت نایـەت. ڕاستودروسـتیش وەکـو ڕزگاری، بـە ئیـش و کار بەدەسـتناهێنرێت، چونکـە دیاریـی خودایـە. واز لـە هـەوڵ و تەقەلاکانـت بهێنـە و فێربـە متمانـە بەخـودا بکەیـت کـە ڕاستودروسـتی عیسـات پـێ ببەخشـێت.

«خەمەکانـت بـە یـەزدان بسـپێرە، ئـەو پشـتگیریت دەکات، هەرگیـز ناهێڵێـت ڕاستودروسـتان بهەژێـن.» (زەبـووری ٥٥: ٢٢)

پۆڵس لە (ڕۆما ٤: ١- ٣)دا باسی ڕاستودروستی ئیبراهیم دەکات:

«ئیـتر چـی بڵێیـن، ئیبراهیمـی باوکـمان بەگوێـرەی جەسـتە چـی دۆزییەوە؟ ئەگـەر ئیبراهیـم بـە کـردار بێتـاوان بووایـە شـانازی دەکـرد، بـەڵام نـەك لـەلای خـودا. ئایـا لـەو بارەیـەوە نـووسراوە پیرۆزەکـە چـی دەفەرمـوێ؟ ئیبراهیـم بـاوەڕی بـە خـودا هێنـا، ئەمەشـی بـە ڕاستودروسـتی بـۆ دانـرا.»

ئینجا پۆڵس لە ئایەتی (٢٣ و ٢٤) بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

«ئـەوەی نـووسراوە: بـۆی دانـرا، تەنهـا لـە پێنـاوی ئـەودا نەبوو، بەڵکـو لـە پێنـاوی ئێمەشـدا بـوو، جـا بۆمـان بـە ڕاستودروسـتی دادەنرێـت، کـە باوەڕمـان هەیـە بـەوەی عیسـای گەورەمانـی لەنێـو مـردووان هەسـتاندەوە.»

بـە واتایەکـی دیکـە، پۆڵـس پێـمان دەڵێـت کـە ئێمـە لـە ڕێگـەی بـاوەڕەوە ڕاستودروسـتی وەردەگریـن نـەک کار و کـردەوەوە.

کاتێـک کـە ئێمـە بـاوەڕ بـە عیسـای مەسـیح دەهێنیـن، خـودا وەکـو ڕاستودروسـت چاومـان لـێ دەکات. واتـە، بـە هـۆی خوێنـی عیسـاوە، خـودا بڕیـار دەدات کـە بـە ڕاستودروسـت بمانبینێـت. ئـەو خودایەکـەی هـەرە بـە توانایـە و مافـی ئـەوەی هەیـە کـە ئەگـەر بیەوێـت دەتوانێـت بڕیـاری وا بـدات.

پۆڵـس لـە یەکـەم ئایەتـی بەشـی دواتـردا، مەبەسـتەکەی کـورت دەکاتـەوە کاتێـک دەڵێـت: «کەواتـە، لەبـەر ئـەوەی بـە بـاوەڕ بێتـاوان کراویـن، لـە ڕێگـەی عیسـای مەسـیحی گەورەمانـەوە لەگـەڵ خـودا ئاشـتیمان هەیـە.» (ڕۆمـا ٥: ١)

ڕاستودروسـتی لـە ڕێگـەی کارە لاوازەکانـی ئێمـەوە بەدەسـت نایـەت؛ لـە ڕێگـەی کاری تەواوکـراوی عیسـاوە بەدەسـت دێـت.

داود لـە (زەبـووری ٣٧: ٢٥)دا دەڵێـت: «مـن گەنـج بـووم و ئێسـتا پیـرم، هەرگیـز نەمبینـی ڕاستودروسـت وازی لـێ بهێنرێـت، یـان منداڵەکانـی سـواڵی نـان بکـەن.»

مـن وەکـو دایکێـک بـاوەڕم وایـە ئەگـەر بێتـو لـە ڕێگـەی عیسـای مەسـیحەوە ئـەو ڕاستودروسـتییە لەگـەڵ خـودا بپارێزیـن، منداڵەکانیشـمان دەتوانـن بەدەسـتی بهێنـن.

ئـەو منداڵانـەی کـە لـە لایـەن ئـەو دایـک و باوکانـەوە پـەروەردە کـراون کە هەسـت بـە تاوانبـاری و سەرزەنشـت و بێزرخبـوون دەکـەن، بـە گشـتی ئـەو هەسـتانەیان بـۆ دەگوازرێتەوە.

بـە هەمـان شـێوە، ئەگـەر دایـک و بـاوک تێبگـەن و بـاوەڕ بـەوە بکـەن کـە خـودا خۆشـیدەوێن، کەسـانێکی تایبەتـن بـە لای خـوداوە، خـوا پـلان و بەرنامەیەکـی باشـی بۆیـان هەیـە، هەروەهـا لـە ڕێگـەی خوێنـی مەسـیحەوە ڕاستودروسـت کـراون، ئـەو کات منداڵـەکان کـە لەژێـر ڕاسـتیی ئـەو چـادرەدا دەژیـن، بـاوەڕی دایـک و باوکیـان کاریـان تێـدەکات و عیسـا و تـەواوی بەڵێنەکانـی قبـوڵ دەکـەن.

(پەنـدەکان ٢٠: ٧) پێـمان دەڵێـت کـە «کەسـی ڕاستودروسـت بـە ڕێـگای تـەواوی خۆیـدا دەڕوات، دوای خـۆی خۆزگـە بـە منداڵەکانـی دەخوازرێـت.»

هەروەهـا لـە (زەبـووری ٣٧: ٣٩) دەڵێـت: «ڕزگاریـی ڕاستودروسـتان لەلایـەن یەزدانـەوە دێـت، ئـەو قـەڵای ئەوانـە لـە کاتـی تەنگانـە.»

خـودا لەگـەڵ تۆیـە. وشـەکانی ڕاسـتن، وە بەڵێنـی ئاشـتی و ڕاستودروسـتی و پاراسـتن و سـەرکەوتن بەسـەر ڕکابەرەکەتدا دەدات.

بـەردەوام ئـەم بەڵێنـەی یـەزدان دووپـات بکـەوە کـە لـە (ئیشـایا ٥٤: ١٧)دا هاتـووە: «هـەر چەکێـك لـە دژی تـۆ شـێوەی بکێشرێـت سـەرناکەوێت و هـەر زمانێـك لـە دادگا

لـە دژی تـۆ ڕادەوەسـتێت بەرپەرچـی دەدەیتـەوە. ئەمـە میراتـی خزمەتکارانـی یەزدانە، بێتاوانیتـان لەلایـەن منەوەیـە، ئـەوە فەرمایشـتی یەزدانـە.»

داود لـە (زەبـووری ٣٤: ١٥)دا پێـمان دەڵێـت: «چاوی یەزدان لەسـەر ڕاستودروسـتانە و گوێـی لـە پاڕانەوەکانیـان ڕاگرتووە.»

ئـەوە بـە وردی واتـای ئـەوە دەگەیەنێـت کـە خـودا تەماشـات دەکات و گوێـت لـێ دەگرێـت، چونکـە تـۆی خۆشـدەوێت.

ئینجـا داود لــە ئایەتــی (١٧، ١٩، ٢٢)دا دەڵێــت: «سەرڕاســتان هــاوار دەکــەن و یــەزدان گوێـی لێیـان دەبێـت، لـە هەمـوو تەنگانەکانیـان دەربازیـان دەکات. پیاوچـاك گرفتـی زۆر دەبێـت، بـەڵام یـەزدان لـە هەمـووی دەربـازی دەکات، یـەزدان گیانـی خزمەتکارەکانـی خـۆی دەکڕێتـەوە و ئەوانـەی پەنـا دەبەنـە بـەر یـەزدان تاوانبـار ناکرێـن.»

ڕێـک ئـەو کاتـەی کـە عیسـا وەکـو ڕزگارکاری تایبەتـی خـۆت قبـوڵ دەکەیـت، لەنێـو ئـەودا دەسـت دەکەیـت بـە گەشـەکردن. دەکرێـت بڵێیـن کـە لە گەشـت و سـەفەردای. کاتێـک کـە بـە ڕێگـەوەی، هەندێک هەڵـە دەکەیـت. لەوانەیـە هەڵسـوکەوت و ئاکارت بێگـەرد نەبێـت، بـەڵام ئەگـەر دڵـت بەرامبـەر خـودا پـاک و تـەواو بێـت، پێموایـە کـە لـە کاتـی ئـەو گەشـتەدا بـە تـەواو و بـێ کەموکوڕیـت دەبینێـت.

یــەزدان لــە (ئیشــایا ٥٤: ١٤) ڕایدەگەیەنێــت: «بــە ڕاستودروســتی دەچەســپێیت دوور لـە جـەور و سـتەم، چونکـە هیـچ هۆیـەك نییـە بـۆ ئـەوەی بترسـیت، هەروەهـا دووریـت لـە تۆقینیـش، چونکـە لێـت نزیـك ناکەوێتـەوە.»

(پەنـدەکان ٢٨:١) دەڵێـت ئـەو ڕاستودروسـتەی کـە سـازش نـاکات، وەکـو شـێرێکی بوێـر و نەتـرس وایـە. کاتێـک کـە دەزانیـت بـە هـۆی مەسـیحەوە ڕاستودروسـتیت،

کاتێـک لـەم لایەنـەوە بینینـی ڕاسـتەقینەی خوداییـت هەبـوو، ئـەوکات لـە تـرس و تۆقینـدا ناژیـت، چونکـە ڕاستودروسـتی بوێـری و ئازایـی دەسـتەبەر دەکات:

«چونکە سەرۆك کاهینێکمان نییە کە نەتوانێت هاوخەمی لاوازییەکامنان بێت، بەڵکو سەرۆك کاهینێکمان هەیە کە وەکو ئێمە لە هەموو شتێك تاقی کراوەتەوە، بەڵام بێ گوناە دەرچوو. بۆیە با بە متمانەوە لە تەختی نیعمەت بچینە پێش، بۆ ئەوەی بەزەیی وەربگرین و نیعمەت بدۆزینەوە تاکو لە کاتی پێویستدا یارمەتیمان بدات.» (عیبرانییەکان ٤: ١٥، ١٦)

ئێمـە دەتوانیـن بەوپـەڕی بوێرییـەوە لـە تەختـی پاشـایەتی نیعمـەت نزیـک بینـەوە، نـەک بەهـۆی بێخەوشـی و بـێ کەموکـوڕی خۆمانـەوە، بەڵکـو بەهـۆی تـەواوی و بـێ کەموکـوڕی خـوداوە: «ئێسـتاش کـە بـە خوێنـی ئـەو بێتـاوان کراویـن، لـە ڕێگـەی ئـەوەوە چەنـدە زیاتـر لـە تووڕەیـی خـودا ڕزگار دەبیـن!» (ڕۆمـا ٥: ٩)

لەوانەیـە تـەواوی ژیانـت ئـەم پرسـیارەت لـە خـۆت کردبێـت: «هەڵـە و کێشـەی مـن چییـە؟»

بۆیە، ئێستا هەواڵێکی خۆشت پێ ڕادەگەیەنم: **«تۆ ڕاستودروست کراویت!»**

ئێسـتا شـتێکی ڕاسـت لەبـارەی تـۆوە هەیـە. مـن بـەردەوام هانـی خەڵکـی دەدەم کـە بڵێـن: «لەوانەیـە مـن بـەو جـۆرە نەبـم کـە دەبێـت ببـم، بـەڵام سـوپاس بـۆ خـودا بـەو جـۆرە نیـم کـە پێشـتر بـووم. مـن باشـم و بـە ڕێـگاوەم.»

بیـرت نەچێـت کـە گۆڕانـکاری پرۆسـەیە، وە تـۆ پێشـوەخت لـەو پرۆسـەیە دای. لـە کاتێکـدا سـەرقاڵی گۆڕانکاریـت، خـودا بـە ڕاستودروسـت دەتبینێـت.

تـۆ ڕاستودروسـتیت. ڕاستودروسـتی ئـەو دۆخەیـە کـە خـودا بـە هـۆی خوێنـی

عیساوە تـۆی تێـدا دانـاوە.

ئـەو گۆڕانکارییانـەی کـە لـە ژیانتـدا ڕوودەدەن، دەرەنجامـی ئـەو ڕاستودروسـتییەیە کـە خـودا پێشـوەخت لـە ڕێگـەی بـاوەڕەوە پێـی بەخشـیوی.

شکۆ بۆ یەزدان!

ئەمە بەهێزە!

کاتێـک کـە خۆشەویسـتی و ڕاستودروسـتی خـودا بەدەسـتدەهێنیت، ڕزگارت دەبێت لـە نائارامـی و ترسـی ڕەتبوونـەوە.

هـەر ئێسـتا، بوەسـتە و ئەمـە ڕابگەیەنـە: «مـن لـە ڕێگـەی عیسـای مەسـیحەوە ڕاستودروسـتی خـودام.» هانـت دەدەم کـە ڕۆژانـە چەندیـن جـار ئـەو ڕاسـتییە دوپـات بکەیتـەوە.

پۆڵسـی نێـردراو لـە (ڕۆمـا ١٤: ١٧) پێـمان دەڵێـت کـە «پاشـایەتی خـودا خـواردن و خواردنـەوە نییـە، بەڵکـو ڕاستودروسـتی و ئاشـتی و خۆشـییە لـە ڕۆحـی پیـرۆزدا.» ڕاستودروسـتی بـەرەوە ئاشـتی و ئارامیـمان دەبـات، وە ئاشـتیش بـەرەوە خۆشـی و دڵشـادیمان دەبـات.

ئەگـەر ئاشـتی و خۆشـیت نییـە، ئـەوا بـە شـیمانەیەکی زۆر بینینـی خوداییانـەت لەبـارەی ڕاستودروسـتییەوە نییـە. خـودا دەیەوێـت لـە ڕووی جەسـتەیی و مادیشـەوە بەرەکەتـدارت بـکات.

بـەڵام زۆربـەی ئـەو کەسـانەی کـە تاوانبـارن و لۆمـەی خۆیـان دەکـەن، هەرگیـز ناگـەن بـە خۆشگوزەرانی و ئاسـوودەیی ڕاسـتەقینە. کتێبـی پیـرۆز فێرمـان دەکات کـە ڕاستودروسـتان، ئەوانـەی کـە دەزانـن ڕاستودروسـتن، پێشـدەکەون و پارێـزراو دەبـن.

ئایا دەزانیت کە یەزدان لەبارەی تۆوە چی دەفەرمویّت؟ یەزدان لە (زەبووری ١: ٣) دا دەفەرمویّت کە ئەوەی ئارەزووی لە فیّرکردن و ڕیّنماییەکانی یەزدانە، «وەك داریّك وایە کە لەدەم جۆگەی ئاو ڕوابیّت و لە وەرزی خۆیدا بەرهەم بدات و گەڵاکانی هەرگیز وشك نەبن، لە هەموو کاریّك سەرکەوتوو دەبیّت.»

بیر لەو ڕاستودروستییە بکەوە کە لەبەردەم یەزداندا هەتە، نەوەک هەڵە و کەموکوڕییەکانت.

وەکو چۆن لە (یەشوع ١: ٨)دا بینیمان: «پەڕتووکی ئەم فیّرکردنە لە دەمت جیا نەبیّتەوە، بەڵکو بە شەو و بە ڕۆژ لیّی وردبەرەوە، بۆ ئەوەی وریابیت بۆ کارکردن بەپیّی هەموو ئەو شتانەی تیّیدا نووسراوە، ئەو کاتە ژیانت ڕاستەڕێ دەبیّت و سەردەکەویت.»

بیرت بیت کە (زەبووری ١: ٢، ٣) دەڵیّت کە بەردەوام شەو و ڕۆژ لە وشەی خودا ورد بوویتەوە، ئەوا وەکو ئەو دارە دەبیت کە بەرهەم دەدات و لە هەموو کارەکانتدا سەرکەوتوو دەبیت.

لە وشەی خودا وردبەرەوە و وشەی خودا دەرببڕە. کاتیّک شەیتان هیّرش دەکاتە سەر میّشکت، تۆش لە ڕیّگەی وشەی خوداوە دژەهیّرشی بکە سەر. بیرت نەچیّت کە عیسا لە ڕیّگەی دەربڕینی وشەی خوداوە شکستی بە شەیتان هیّنا، کاتیّک کە فەرمووی: «نووسراوە...» (لۆقا ٤: ٤، ٨، ١٠).

(پەندەکان ١٨: ١٠) دەڵیّت: «ناوی یەزدان قوللەیەکی بەهیّزە، کەسی ڕاستودروست بۆ ئەوێ ڕادەکات و پەناگیر دەبیّت.»

(زەبووری ٧٢: ٧) بەم شیّوەیە باسی ڕاستودروستان دەکات: «ڕاستودروستان لە سەردەمی ئەو شکۆفە دەکەن، ئاشتییەکی زۆر دەبیّت هەتا فەوتانی مانگ.»

ڕاستودروستیت لەگـەڵ خـودا قبـوڵ بکـە، بـۆ ئـەوەی لـە ئاشـتیدا شـکۆفە بکەیـت.

لەوانەیـە ئێسـتا بیـر بکەیتـەوە و بڵێـی: «ئـەی چـی بەسـەر ئـەو کارە خـراپ و ناشرینانـەدا دێـت کـە ئەنجامـم داون؟»

دەمەوێـت ئـەو وشـانەت وەبیـر بێنمـەوە کـە خـودا لـە (عیبرانییـەکان ١٠: ١٦- ١٨) بـە گەلەکـی خـۆی فەرمـوو:

«یـەزدان دەفەرمـوێ، ئەمـە ئـەو پەیمانەیـە کـە لـەدوای ئـەو ڕۆژانـە لەگەڵیـان دەیبەسـتم، فێرکردنەکانم دەخەمـە نـاو دڵیـان و لەنـاو مێشـکیان دەینووسـم. پاشـان دەفەرموێـت: لەمـەودوا گونـاه و تاوانەکانیـان بەبیـری خـۆم ناهێنمـەوە. لەکـوێ لێخۆشـبوونی ئـەم گوناهانـە هەبێـت، ئیـتر پێویسـت نـاکات قوربانـی بـۆ گونـاه بکرێـت.»

بـە واتایەکـی دیکـە، گوناهەکانـت و سـزاکانت بـە تـەواوی پووچـەڵ کرانـەوە. مادەم عیسـا کارێکـی ئەوەنـدە مـەزن و تـەواوی ئەنجـام داوە، پێویسـت نـاکات هیـچ کارێـك لـە بەرامبـەر هەبوونـی گوناهەکانتـدا ئەنجـام بدەیـت. تاکـە شـتێک کـە بتوانیـت بـۆ دڵخۆشـبوونی خـودا ئەنجامـی بدەیـت، ئەوەیـە کـە بـە دڵخۆشـییەوە دیارییـە بێبەرامبەرەکـەی قبـووڵ بکەیـت.

(عیبرانییـەکان ١٠: ١٩، ٢٠) دەڵێـت: «متمانەمـان هەیـە بـۆ چوونـە نـاو شـوێنی هەرەپیـرۆز[d] بەهـۆی خوێنـی عیسـاوە، بـەو ڕێـگا زینـدوو و تازەیـەی کـە بەهـۆی بەخشـینی جەسـتەی خـۆی بەنـاو پـەردەدا بـۆی کردینـەوە.»

---

d شوێنی هەرەپیرۆز بەشێك بووە لە پەرستگا، کەوا لە پەیمانی کۆن تەنها سەرۆکی کاهینان ساڵی تەنها یەك جار بۆی هەبووە بچێتە ئەوێ بۆ پێشکەشکردنی قوربانی بۆ خودا.

چیتر پێویست ناکات پەردەیەکی جیاکەرەوە[e] لەنێوان تۆ و یەزداندا بوونی هەبێت.

چ هەواڵێکی مەزن و دڵخۆشکەرە!

دەتوانیت بەوپەڕی بوێرییەوە پەیوەندی لەگەڵ خودا دروست بکەیت، چونکە گوناهەکانت پووچەڵ کرانەوە و سڕدرانەوە و لەبیرکران.

دڵخۆش و شاد بە! تۆ بە هۆی مەسیحەوە ڕاستودروستی خودایت! (دووەم کۆرنسۆس ٥: ٢١)

---

e لە پەرستگا پەردەیەکی جیاکەرەوە لە نێوان شوێنی پیرۆز و شوێنی هەرەپیرۆزی پەرستگا هەبوو.

# بەشی چوارەم

## زاڵبوون بەسەر ترسەکانی ژیانتدا

ئایا لە هیچ شتێکی خۆت دەترسیت؟

یەزدان لەم گۆرانییەدا کە ناوی «ڕۆڵەکەم، مەترسێ»یە، ئەم وشە ژیانبەخشانە دەردەبڕێت:

«ڕۆڵەکەم مەترسێ
من هەمیشە لەگەڵتم.
هەست بە هەموو ئازارێکت دەکەم
وە هەموو فرمێسکێکت دەبینم.
ڕۆڵەکەم مەترسێ،
من هەمیشە لەگەڵتم.
دەزانم چۆن گرنگی بەو شتە بدەم،
کە موڵکی منە.[f]

پۆڵسی نێردراو لە (دووەم تیمۆساوس ١: ٧)دا نامەیەک بۆ قوتابییە گەنجەکەی دەنووسێت و تێیدا هانی دەدات کە لە بەکارهێنانی خزمەتەکەیدا نەترسێت: «چونکە خودا ڕۆحی ترسی پێمان نەبەخشیوە، بەڵکو ڕۆحی هێز و خۆشەویستی و خۆڕاگریی پێ بەخشیوین.»

---

f سەم ئۆ دات میوزیک. (لە ژێر چاودێری وۆرد میوزیک) هەموو مافەکانی پارێزراوە.

ئـەو ئایەتـەت لەبیـر نەچێـت. ئەزبـەری بکـە و هەمـوو جارێـک کـە تووشـی نیگەرانـی تـرس دەبیـت لەبـەر خۆتـەوە بیڵێـوە.

تـرس لـە لایـەن خـوداوە نییـە. شـەیتان ئـەو کەسـەیە کـە دەیەوێـت دڵـت پـڕ بـکات لـە تـرس. خـودا پـلان و بەرنامەیەکـی تایبەتـی بـۆ ژیانـت هەیـە. لـە ڕێگـەی باوەڕکـردن بـە خـودا، پـلان و بەرنامەکـەی قبـوڵ بکـە. بـەڵام نابێـت ئەوەمـان لـە بیـر بچێـت کـە شـەیتانیش پـلان و بەرنامـەی بـۆ ژیانـت هەیـە کـە لـە ڕێگـەی ترسـەوە دەتوانیـت پلانەکـەی وەربگریـت.

داودی زەبوورنـووس لـە (زەبـووری ٣٤: ٤)دا دەڵێـت: «ڕووم لـە یـەزدان کـرد، یەزدان بـە دەنگمـەوە هـات، لـە هەمـوو ترسـەکانم فریام کـەوت.»

عیسا ڕزگارکاری تۆیـە. کاتێـک بەوپـەڕی دڵسـۆزییەوە ڕووی تـێ دەکەیـت و هانـای بـۆ دەبەیـت، لـە هەمـوو ترسـەکان ڕزگارت دەکات. لـە (یۆحەنـا ١٤: ٢٧)، عیسـا بـە قوتابییـە تۆقیوەکانـی فەرمـوو: «ئاشـتیتان بـۆ بەجێدەهێڵـم، ئاشـتی خۆمتـان دەدەمـێ. ئـەوەی مـن دەتاندەمـێ وەك ئـەوە نییـە کـە جیهـان دەتانداتـێ. نیگـەران مەبـن و مەترسـن.»

ئـەوە واتـای ئـەوە دەگەیەنێـت کـە دەبێـت بەوپـەڕی بوێریـی و چاونەترسـییەوە لـە دژی تـرس ڕابوەسـتیت. ئەمڕۆ بڕیـار بـدە کـە چیـتر ڕێگـە نادەیـەت ڕۆحـی تـرس لێـت نزیـک بکەوێتـەوە و دەسـت بەسـەر ژیانتـدا بگرێـت.

داود لە (زەبوری ٥٦: ٣، ٤)دا بە یەزدان دەڵێت:

«کاتێـك ترسـم لـێ دەنیشـێت، مـن پشـت بـە تـۆ دەبەسـتم. بە خـودا، کـە ستایشـی پەیامەکـەی دەکـەم، پشـت بـە خـودا دەبەسـتم، مـن ناترسـم، مـرۆڤ چیم لـێ دەکات؟»

یەزدان لە (ئیشایا ٤١: ١٠) گەلەکەی دڵنیا دەکاتەوە و دەفەرمووێت: «مەترسە، چونکە لەگەڵتدام، مەپەشۆکێ، چونکە من خودای تۆم. بەهێزت دەکەم و یارمەتیت دەدەم، بە دەستە ڕاستی دادپەروەریم پشتیوانیت دەکەم.»

نووسەری عیبرانییەکان ئاگادارمان دەکاتەوە لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی سامان و ئاسایشی زەمینی و وەبیرمان دێنێتەوە کە «خودا فەرموویەتی: هەرگیز پشتگوێت ناخەم، هەرگیز وازت لێ ناهێنم.» (عیبرانییەکان ١٣: ٥)

ئینجا نووسەر بەردەوام دەبێت و لە ئایەتی شەشدا دەڵێت: «کەواتە بە متمانەوە دەڵێین: یەزدان یارمەتیدەری منە، ناترسم. مرۆڤ چیم لێ دەکات؟»

وشەی ترس کە بە ئینگلیزی دەبێتە (F-E-A-R)، کورتکراوەی «بەڵگەی درۆ کە لە ڕاستی دەچێت»ە.[g] دوژمن دەیەوێت پێت بڵێت کە لە داهاتوودا شکست دەخۆیت، بەڵام کتێبی پیرۆز پێمان دەڵێت کە گرنگ نییە ئێستا لە چ بارودۆخێک دای، یاخودا شتەکانی دەوروبەرمان چەندە خراپ دەردەکەون، هیچ شتێك بەلای خوداوە مەحاڵ نییە (مەرقۆس ٩: ١٧- ٢٣).

لە (ئیشایا ٤١: ١٣) دا پێمان گوتراوە کە «چونکە من یەزدانم، خودای تۆ، ئەوەی دەستە ڕاستی گرتوویت، ئەوەی پێت دەڵێت، مەترسە، من یارمەتیت دەدەم.» ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە پێویست ناکات لە کاتی بیستنی هەواڵی خراپدا بترسیت. متمانە بە خودا بکە. ئەو دەتوانێت هەموو شتێک بە قازانجی تۆ بشکێنێتەوە.

پۆڵس لە (ڕۆما ٨: ٢٨) وەبیرمان دێنێتەوە کە «خودا لە هەموو شتەکاندا کار دەکات بۆ چاکەی ئەوانەی ئەویان خۆشدەوێت، ئەوانەی بەگوێرەی مەبەستی ئەو بانگکراون.»

---

g False evidence appearing real

هەروەهــا لــە (ئیشــایا ٤٣: ١- ٣)دا دەیخوێنینــەوە: «ئێســتاش یــەزدان ئەمــە دەفەرموێــت، بەدیهێنــەرت، ئــەی یاقــوب، شێوەکێشــت، ئــەی ئیسرائیــل: مەترســە، چونکــە تــۆم کڕیوەتــەوە، بــە نــاوی خۆتــەوە بانگــم کردوویــت، تــۆ هــی منیت. کــە بەنــاو ئــاودا بپەڕیتــەوە، مــن لەگەڵتــدام، بەنــاو ڕووبارەکانیشــدا، نوقومــت ناکــەن. بەنــاو ئاگــردا بڕۆیــت، داغ نابیــت، بڵێســەش ناتســووتێنێت، چونکــە مــن یەزدانــم، خــودای تــۆم، پیرۆزەکــەی ئیسرائیــل، ڕزگارکــەری تــۆ. میــسرم کــردووە بــە کەفارەتــی تــۆ، کــوش و ســەبا لــە جێــی تــۆ.»

ئــەم ئایەتانــە بــە دەنگــی بــەرز چەندیــن جــار دووپــات بکــەوە. کاتێــک کــە تەنهــای ئــەم ئایەتانــە لەبــەر خۆتــەوە بڵێــوە. لــە قەڵەمڕەوێکــی ڕۆحیــدا خــۆت جێگیــر بکــە و بڕیــار بــدە کــە ئیــتر بــە ترســەوە نەژیــت. لــە ڕێگــەی ڕاگەیانــدن و دەربڕینــی وشــەی خــودا، شــەیتان ئــاگادار دەکەیتــەوە کــە چیــتر ناتەوێــت بــە ئــازار و ســزاوە بژییێــت.

ئــەوەت لەبیــر بێــت کــە کتێبــی پیــرۆز دەڵێــت تــرس ســزای هەیــە (یەکــەم یۆحەنــا ٤:١٨). عیســا گیانــی ســپارد و مــرد بــۆ ئــەوەی ئێمــە لــە ســزا ڕزگار بــکات، وەکــو چــۆن لــە (ئەفەســۆس ٣: ١٢، ١٣)دا پۆڵــس پێــمان دەڵێــت کــە بــە هــۆی باوەڕمــان بــە عیســای مەســیح،

«بــە دڵنیاییــەوە ئــەو ئازادییەمــان هەیــە بــۆ چوونــە لای خودا. بۆیــە داواتــان لــێ دەکــەم لــە ناخۆشــییەکانم ورە بەرنــەدەن کــە بــۆ ئێوەیــە، شــکۆمەندی ئێوەیــە.»

ئینجا داود لە (زەبووری ٤٦: ١، ٢)، وەبیرمان دەهێنێتەوە کە:

«خــودا پەنــاگا و هێزمانــە، لــە تەنگانــەدا بەهانــاوە دێت. بۆیــە ترســمان نییــە ئەگــەر زەویــش بلەرزێــت، ئەگــەر چیاکانیــش بکەونــە نــاو قووڵایــی دەریاکانەوە.»

یــەزدان بــەردەوام لــە بەشــی یەکەمــی ســیپارەی یەشــوعدا، هانــی یەشــوع دەدا

کـە «بەهێـز و ئـازا بـە» (ئایەتـی ٦)، دڵنیـای دەکاتـەوە کـە «یەزدانـی پـەروەردگارت لەگەڵتـە بـۆ هەرکـوێ بچێـت» (ئایەتـی ٩). کەواتـە، پێویسـت نـاکات بترسـیت. پەیامـی خـودا بـۆ تـۆ، هەمـان ئـەو پەیامەیـە کـە بـە یەشـوعی داوە.

خـودا لەگـەڵ تۆیـە. هەرگیـز پشـتگوێت ناخـات و هەرگیـز وازت لێناهێنێـت (عیبرانییـەکان ١٣: ٥). هەمیشـە چـاوی لێتـە (زەبـووری ٣٣: ١٨). لەنێـو لەپـی دەسـتی وێنـەی تـۆی هەڵکۆڵیـوە (زەبـووری ٤٩: ١٦). کەواتـە، پێویسـت نـاکات بترسـیت. بەهێز و ئـازا بـە، وردە بەرمـەدە و مەترسـە.

عیسـا لـە وتـاری سـەر چیـادا، بـە قوتابییەکانـی فەرمـوو: «خەمـی بەیانـی مەخـۆن، چونکـە بەیانـی خەمـی خـۆی دەخـوات. هـەر ڕۆژێـك خراپـی خـۆی بەسـە.» (مەتـا ٦: ٣٤)

لـە (مەتـا ٨: ٢٣- ٢٧)دا هاتـووە کـە چـۆن قوتابییـەکان بەهـۆی ڕەشـەبای دەریـاوە ترسـیان لـێ نیشـت: «ئەویـش (عیسـا) پێـی فەرمـوون: «ئـەی کـەم باوەڕینـە، بۆچـی دەترسـن؟» ئینجـا هەسـتا، لـە ڕەشـەبا و دەریاچەکـەی ڕاخـوڕی، ئیـتر بـووە هێمنییەکی تـەواو» (ئایەتـی ٢٦).

عیسـا لـە (لۆقـا ١٢: ٢٥، ٢٦)، لـە قوتابییەکانـی دەپرسـێت: «کـێ لـە ئێـوە ئەگـەر خـەم بخـوات، دەتوانێـت یـەك کاتژمێـر لـە تەمەنـی خـۆی زیـاد بـکات؟ جـا کـە ئێـوە بـۆ شـتێکی بچـووك تواناتـان نییە، بۆچـی بـۆ شـتەکانی دیکـە خـەم دەخـۆن؟»

ئیشـایای پێغەمبـەر لـە (ئیشـایا ٥٤: ٤)دا دەڵێـت: «مەترسـە چونکـە ڕیسـوا نابیـت، گاڵتـەت پـێ ناکرێـت چونکـە شـەرمەزار نابیـت. ڕیسـوایی سـەردەمی گەنجییێتیـت لەبیـر دەکەیـت، ئیـتر شـورەیی بێوەژنییێتیـت بەبیـر نایەتـەوە.»

ئینجـا (ئیشـایا ٣٥: ٤) دەڵێـت: «بەوانـە بڵێـن کـە دڵەکوتێیانـە: خۆتـان تونـد بکـەن، مەترسـن! ئەوەتـا خوداتـان، بـە تۆڵەسـەندنەوە دێـت، سـزای خوداتـان. ئـەو دێـت و

ڕزگارتـان دەکات.»

داوا لـە خـودا بکـە کـە ڕۆحـت بەهێـز بـکات، بـۆ ئـەوەی پـڕ بیـت لـە هێـز و توانـا و ئـەو تاقیکردنـەوە و ڕاڕاییانـە بەسـەرتدا زاڵ نەبـن کـە دەبنـە مایـەی تـرس و تۆقیـن (ئەفەسـۆس ٣: ١٦).

حـەز دەکـەم باسـی ئـەو بینینـە ناوازەیەتـان بـۆ بکـەم کـە خـودا لەبـارەی ترسـەوە پێـی بەخشـیم. کاتێـک کـە خـودا لـە ڕێگـەی وشـەکەیەوە قسـەمان لەگـەڵ دەکات و دەفەرموێـت «مەترسـن،» لـە ڕاسـتیدا فەرمانمـان پـێ نـاکات کـە هەسـت بـە تـرس نەکەیـن. لـە ڕاسـتیدا دەفەرموێـت: «کاتێـک کـە هەسـت بـە تـرس دەکەیـت، ئـەوە شـەیتان بـە تـرس هێرشـت دەکاتـە سـەر، بـێ هەڵوێسـت مەبـە، یاخـود ڕامەکـە، بەڵکـو بـەردەوام بـە و لەگـەڵ هەبوونـی ترسیشـدا بـەرەو پێـش بـڕۆ.»

بـۆ مـاوەی چەنـد سـاڵ کاتێـک کـە هەسـتم بـە تـرس دەکـرد، وامدەزانـی کەسـێکی ترسـنۆکم. بـەڵام ئێسـتا بـۆم دەرکەوتـووە کـە دەتوانـم بەسـەر ترسـدا زاڵ بـم ئەگـەر بێتـو ڕووبەڕووی ببمـەوە و کـۆڵ نـەدەم و لـە دژی ڕابوەسـتم و هەمـوو ئـەو شـتانە بکـەم کـە یـەزدان فەرمانـی ئەنجامدانـی کـردووە، تەنانـەت ئەگـەر پێویسـت بـکات هەمـوو ئـەو کارانـە دەکـەم لـە کاتێکـدا هەسـت بـە تـرس و تۆقیـن دەکـەم.

(زەبـووری ٣٤: ٤) دەڵێـت: «ڕووم لـە یـەزدان کـرد، یـەزدان بـە دەنگمـەوە هـات، لـە هەمـوو ترسـەکانم فریـام کـەوت.» وە یۆحەنـای قوتابـی پێـمان دەڵێـت: «خۆشەویسـتی ترسـی تێـدا نییـە، بەڵکـو خۆشەویسـتی تـەواو تـرس دەردەکاتـە دەرەوە، چونکـە تـرس لـە سـزاوە دێـت. ئـەوەی بترسـێت لـە خۆشەویسـتیدا تـەواو نەبـووە.» (یەکـەم یۆحەنـا ٤:١٨)

ئــەوەت لەبیــر نەچێــت کــە خــودا خۆشــیدەوێیت. وە لەبــەر ئــەوەی کــە خۆشــیدەوێیت و گرنگییەکـی زۆرت پـێ دەدات، دەتوانیـت بەبـێ تـرس بژیـت.

لەوانەیە ئێستا ئەوەندە بترسیت، کە ژیان بەبێ ترس وەکو خەونێکی مەحاڵ بێت بەلاتەوە. ئەگەر وایە، ئەوا شتێک هەیە کە دەبێت لەبیرت بێت: خودا دەتوانێت بە تەواوی لە هەموو کێشەیەک ڕزگارت بکات، هەمووی پێکەوە، بەڵام ئەو زۆربەی کات کەم کەمە کێشەکانت لە کۆڵ دەکاتەوە. هەر بۆیە، ئومێدوار بە کە یەزدان ئیشت لەسەر دەکات. خودا دەستی کردووە بە ئیشێکی باش لە تۆدا، وە هەتا تەواوی نەکات، واز ناهێنێت (فیلیپی ١: ٦).

داود لە (زەبووری ٢٧: ١- ٣)دا دەڵێت: «یەزدان ڕووناکی و ڕزگاریی منە، لە کێ بترسم؟ یەزدان قەڵای ژیانی منە، لە کێ بتۆقم؟ کاتێك بەدکاران لێم نزیك بنەوە بۆ ئەوەی گۆشتم بخۆن، کاتێك دوژمنان و ناحەزانم پەلامارم بدەن، ساتمە دەکەن و دەکەون. ئەگەر لەشکرێکیش دەورم بدات، دڵم ناترسێت. ئەگەر جەنگ بەرپا بکەن دژم، ئەو کاتەش هەر دڵنیا دەبم.»

داود لە ئایەتی پێنج و شەشی هەمان بەشدا، بەردەوام دەبێت و دەڵێت لە ڕۆژی کێشە و بەڵادا خودا دەیشارێتەوە و دەیباتە سەر تاشە بەردێکی بڵند کە دوور لە دەستی دوژمنەکانییەتی. ئینجا دەڵێت کە لەناو نشینگەکەیدا بە هاوار و خۆشییەوە قوربانی پێشکەش دەکات.

خودا چی بۆ داودی پاشا کرد، هەمان شتیش بۆ تۆ دەکات. باوەڕت بە یەزدان بێت، چونکە دەسەڵات و توانای ئەوەی هەیە کە لە هەموو ترسێک ڕزگارت بکات.

تەماشای ئەم وشانە بکە کە فریشتەی یەزدان بە دانیالی گوت و دڵنیای کردەوە لەوەی کە نوێژ و پاڕانەوەکەی بە دڵنیاییەوە بیستراوە: «ئەی دانیال، مەترسە. لەبەر ئەوەی هەر لە یەکەم ڕۆژەوە کە مکوڕ بوویت تێبگەیت و لەبەردەم خوداکەت خۆتت زەلیل کرد، پاڕانەوەکەت بیسترا، منیش لەبەر ئەمانە هاتووم.» (دانیال ١٠:١٢)

شـەیتان هـەوڵ دەدات کـە پێـت بڵێـت خـودا گوێـی لـە نوێـژ و نزاکانـت نەبـووە و وەڵامـت ناداتـەوە. ئـەوەت هەرگیـز لـە بیـر نەچێـت کـە وشـەی خـودا شمشـێری ڕۆحـە (ئەفەسـۆس ٦: ١٧). لـە ڕێگـەی شمشـێری وشـەی خـوداوە، دەتوانیـت شکسـت بـە دژومـن بهێنیـت. ئـەم ئایەتانـە لەنێـو دڵتـدا هەڵبگـرە و شـەو و ڕۆژ لێیـان ورد بـەرەوە.

تەنها لـە ڕێگـەی وشـەی خـوداوە، دەتوانیـت شکسـت بـە دوژمـن بهێنیـت. هەتـا وشـەی خـودا نەزانیـت، درک بـە درۆکانـی شـەیتان ناکەیـت. وشـەی خـودا دەرببـڕە، بـۆ ئـەوەی سـەرکەوتن بەدەسـت بهێنیـت.

لەوانەیـە تـۆ بترسـیت و نەتوانیـت لەگـەڵ کەسـێکدا قسـە بکەیـت کـە پلـەی لـە تـۆ بەرزتـرە و لـە سـەرووی تۆوەیـە. لەوانەیـە تۆمەتێکیـان دابێتـە پاڵـت و نیگەرانـی ئـەوەی کـە نازانیـت چـۆن بەرگـری لـە خـۆت بکەیـت. بڕوانـە فەرمایشـتی عیسـا لــە (لۆقــا ١٢: ١١، ١٢): «کاتێــك دەتانهێننــە بــەردەم کەنیشــت و فەرمانــڕەوا و دەسـەڵاتداران، نیگـەران مەبـن دەبـێ بـۆ بەرگـری چـۆن و بـە چـی بدوێـن یـان چـی بڵێن، چونکـە ڕۆحـی پیـرۆز هـەر لـەو کاتـەدا فێرتـان دەکات پێویسـتە چـی بڵێـن.»

کاتێـک کـە خەریکـە تووشـی تـرس و تۆقیـن دەبیـت، وەکـو داننانـی باوەڕبـوون بـە یـەزدان و دابینکردنـی پێداویسـتییەکانت و گرنگیـدان پێـت، (زەبـووری ٢٣: ١- ٦) لەبـەر خۆتـەوە بیلێـوە:

«یــەزدان شــوانی منــە، پێویســتم بــە هیــچ نابێت. لــە لــەوەڕگای ســەوزدا دەملەوەڕێنێـت و دەمباتـە سـەر ئـاوی هێمـن و سـازگار، گیانـم دەبووژێنێتـەوە. بـەرەو ڕێـگای ڕاستودروسـتی ڕێنماییـم دەکات لـە پێنـاوی نـاوی خـۆی. ئەگـەر تەنانـەت بەنـاو دۆڵـی سـێبەری مەرگیشـدا بـڕۆم، لـە هیـچ خراپەیـەك ناترسـم، لەبـەر ئـەوەی تـۆ لەگەڵمـدای، گۆچـان و داردەسـتەکەت دڵنەواییـم دەکـەن. سـفرەم بـۆ ئامـادە دەکەیـت

لەبــەردەم دوژمنانــم، زەیــت لــە ســەرم دەدەیــت بــۆ دەستنیشــانکردنم، جامەکــەم لێوانلێـو دەکەیـت. بێگومـان بـە درێژایـی ژیانـم چاکـە و خۆشەویسـتی نەگـۆڕ بـەدوام دەکـەون، بـۆ هەتاهەتایـە لـە ماڵـی یـەزدان دەژیـم.»

# دەرەنجام

## جێگیر و بەهێز بە!

لـەم کتێبـەدا، باسـی چەندیـن ئایەتـی تایبـەت بـە خۆشەویسـتی خـودا و ئـەو داهاتـووە شـکۆدارە دەکەیـن کـە بۆتـی لەبەرچـاو گرتـووە، لەگـەڵ ڕاستودروسـتیت لـە مەسـیحدا و ئازادبـوون لـە هەمـوو جـۆرە ترسـێک.

تـۆ وەکـو خزمەتـکاری خـودا، هەمـوو ئـەو بەڵێنانـەی کـە لـەو ئایەتانـەدا هاتـووە، کەلەپـور و سـامانی تۆیـە. بـەڵام دەبێـت ئـەوەش بزانیـت کـە شـەیتان هـەوڵ دەدات ئـەو سـامانەت لـێ بدزێـت و دەیەوێـت دووبـارە بگەڕێیتـەوە نێـو کـۆت و بەندەکـەی جـاران.

لەبـەر ئـەوەی کـە پۆڵسـی نێـردراوا لـە (گەلاتیـا ٥: ١) پێـمان دەڵێـت: «مەسـیح ئـازادی کردیـن تاکـو بـە ئـازادی بژیـن. بۆیـە چەسـپاو بـن و جارێکـی دیکـە ملکەچـی نیـری کۆیلایەتـی مەبـن.

بـۆ ئـەوەی ژیانێکـی مەسـیحی سـەرکەوتووانەت هەبێـت، پێویسـتە جێگیـر و لەسـەرخۆ و بەرگەگـر بیـت:

«کەواتـە متمانەتـان فڕێمـەدەن کـە پاداشـتی گـەورەی هەیە، چونکـە پێویسـتیتان بـە دانبەخۆداگرتـن هەیـە، تاکو لـەدوای ئـەوەی بـە خواسـتی خوداتـان کـرد، بەڵێنەکـە بەدەسـتبهێنن» (عیبرانییـەکان ١٠: ٣٥، ٣٦)

باوکـی ئاسـمانیت دەیەوێـت بـە تـەواوی چێـژ لـەو شـتە وەربگریـت کـە بەهـۆی

خوێنی عیسای مەسیحەوە بەدەستهاتووە. پایەدار بە و کۆڵ مەدە. هەر ئێستا بڕیار بدە کە هەرگیز واز ناهێنیت و کۆڵ نادەیت. ئەو ئایاتانەی بەشەکانی دواتر ئەوەندە بڵێوە هەتا دەبنە بەشێک لە تۆ.

هەروەها هەمیشە ئەوەت لەبیر بێت کە خودا خۆشیدەوێی، هەروەک ژیان لەنێو وشە پیرۆزەکانیدا هەیە.

# دووپاتکردنەوەی چەند ئایەتێکی دیاریکراو

## ناساندن: وشەی خودا[h]

«یەزدان فەرمایشتی خۆی نارد و چاکی کردمەوە، لە فەوتان دەربازی کردم.» (زەبووری ۱۰۷: ۲۰)

«خۆزگە دەخوازرێت بە من کە بەپێی ڕاوێژی بەدکاران ناڕۆم و لە ڕێگای گوناهباران ڕاناوەستم و لە کۆڕی گاڵتەجاڕان دانانیشم. بەڵکو ئارەزووی من لە فێرکردنی یەزدانە، شەو و ڕۆژ لە فێرکردنەکەی ورد دەبمەوە. وەك دارێك وام کە لەدەم جۆگەی ئاو ڕوابم و لە وەرزی خۆیدا بەرهەم بدەم و گەڵاکانم هەرگیز وشك نەبن، لە هەموو کارێك سەرکەوتوو دەبم.» (زەبووری ۱: ۱- ۳)

«پەڕتووکی ئەم فێرکردنە لە دەمم جیا نابێتەوە، بەڵکو بە شەو و بە ڕۆژ لێی ورد دەبمەوە، بۆ ئەوەی وریابم بۆ کارکردن بەپێی هەموو ئەو شتانەی تێیدا نووسراوە، ئەو کاتە ژیانم ڕاستەڕێ دەبێت و سەردەکەوم.» (یەشوع ۱: ۸)

«بەڵکو پەیامەکە زۆر لێم نزیکە، لەسەر زمانمە و لە دڵمدایە، هەتا کاری پێ بکەم.» (دواوتار ۳۰: ۱٤)

«فەرمایشتەکەی خودا ئاوا دەبێت کە لە دەممەوە دێتە دەرەوە: بە بەتاڵی ناگەڕێتەوە بۆی، بەڵکو ئەوەی ئەو پێی خۆشە دەیکات و سەرکەوتوو دەبێت لەوەی بۆی دەنێرێت.» (ئیشایا ٥٥: ١١)

h تێبینی: نووسەر ئایەتەکانی دووبارە داڕشتووەتەوە و وای لێ کردووە کە قسەکەر کەسی یەکەمی تاک بێت.

«مـن بـە ڕوویـکـی ئاشـکرا وەك ئاوێنـە وێنەدانـەوەی شـکۆی خـودا دەدەمـەوە، لـە شـکۆیەك بـۆ شـکۆیەك بـۆ هەمـان وێنـە دەگۆڕدرێـم، ئـەوەش لـە یەزدانەوەیـە کـە ڕۆحەکەیـە.» (دووەم کۆرنسـۆس ٣: ١٨)

«وشـەی خـودا ڕاستییە. ڕاسـتی دەناسـم، ڕاسـتیش ئـازادم دەکات.» (یۆحەنـا ١٧: ١٧؛ ٨: ٣٢)

## بەشی یەکەم: خۆشەویستی خودا

«بـەڵام لـە هەمـوو ئەمانـەدا لـە ڕادەبـەدەر سـەرکەوتووم لـە ڕێگـەی ئـەوەی کـە خۆشـی ویسـتووم، چونکـە دڵنیـام نـە مـردن و نـە ژیـان، نـە فریشـتەکان و نـە سـەرۆکەکان، نـە شـتەکانی ئێسـتا و نـە شـتەکانی داهاتـوو، نـە هێـزەکان، نـە بـەرزی و نـە قووڵـی، نـە بەدیهێـنراوی دیکـە، ناتوانێـت لـە خۆشەویسـتی خـودا جیـام بکاتـەوە کـە لـە ڕێگـەی عیسـای مەسـیحی گەورەمانـەوە بـۆ مـن دێـت.» (ڕۆمـا ٨: ٣٧- ٣٩)

«لەبـەر ئـەوەی خـودا ئەوەنـدە جیهانـی خۆشویسـت، تەنانـەت کـوڕە تاقانەکـەی بەختکـرد، تاکـو مـن کـە بـاوەڕی پـێ دەهێنـم لەنـاو نەچـم، بەڵکـو ژیانـی هەتاهەتاییم هەبێـت.» (یۆحەنا ٣: ١٦)

«چونکـە بـاوك خـۆی منـی خۆشـدەوێت، لەبـەر ئـەوەی مـن عیسـام خۆشویسـتووە و بـاوەڕم کـرد کـە لـە لای خـوداوە هاتـووە.» (یۆحەنـا ١٦: ٢٧)

«لەبـەر ئـەوەی کـە ڕاسـپاردەکانی تـۆم لەلایـە و کاریـان پـێ دەکـەم، ئـەوا تـۆم خۆشـدەوێت. هەروەهـا لەبـەر ئـەوەی کـە عیسـام خۆشـدەوێ، باوکـی منـی خۆشـدەوێت، عیسـاش منـی خۆشـدەوێت و خـۆیم بـۆ دەردەخـات.» (یۆحەنـا ١٤: ٢١)

«یەزدانم خۆشدەوێت، چونکە یەکەم جار ئەو منی خۆشویستووە.» (یەکەم یۆحەنا ٤: ١٩)

«ئەی خودایە، خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت چەند بەنرخە! من لەژێر سێبەری باڵەکانت پەنا دەگرم. (زەبووری ٣٦: ٧)

«ئەی یەزدان، تۆ منت پشکنی و منت ناسی. هەستان و دانیشتنی منت زانیوە، لە دوورەوە لە بیرکردنەوەم گەیشتووی. ڕێڕەو و جێی ڕاکشانی منت پێواوە، شارەزای هەموو ڕێگاکانی منیت. ئەی یەزدان، بەر لەوەی وشەیەك لەسەر زمانم هەبێت، تۆ بە تەواوی دەیزانی. لەپێش و لە پشتەوە دەورت داوم، دەستت دەخەیتە سەرم. ئەم زانینەی تۆم بەلاوە زۆر سەیرە، لە سەرووی منەوەیە، ناتوانم بەدەستی بهێنم. بۆ کوێ بچم لە ڕۆحی تۆ؟ بۆ کوێ هەڵبێم لە ڕوخسارت؟ ئەی خودایە، بیرۆکەکانت بەلای منەوە چەند گرانبەهایە! کۆی ژمارەیان چەندە مەزنە! ئەگەر بیانژمێرم، لە لم زیاترن. کە بەئاگا دێمەوە هێشتا لەگەڵ تۆم.» (زەبووری ١٣٩: ١- ٧، ١٧، ١٨)

«بەڵام یەزدان چاوەڕێی ئەوە دەکات هەتا لەگەڵم میهرەبان بێت، لەبەر ئەوە هەڵدەستێت بۆ ئەوەی بەزەیی پێمدا بێتەوە، چونکە یەزدان خودای دادپەروەرییە. خۆزگە بە من کە چاوەڕێی دەکەم!» (ئیشایا ٣٠: ١٨)

«پەروەردگار بە هەتیوی بەجێم ناهێڵێت، دێتەوە لام.» (یۆحەنا ١٤: ١٨)

«تەنانەت دایك و باوکیشم وازم لێ بهێنن، یەزدان دەمگرێتە خۆی.» (زەبووری ٢٧: ١٠)

«تاکو بە باوەڕ مەسیح لە دڵمدا نیشتەجێ بێت و ڕەگ و بناغەم لە خۆشەویستیدا دابمەزرێت، تاکو توانادار بم، لەگەڵ تەواوی گەلی پیرۆزی خودا

تێبگەم کە پانی و درێژی و بەرزی و قووڵی خۆشەویستی مەسیح چییە، تاکو ئەم خۆشەویستییە بناسم کە لە سەرووی زانیارییەوەیە، بۆ ئەوەی پڕ بم لە هەموو پڕییێتی خودا.» (ئەفەسۆس ٣: ١٧- ١٩)

«هەروەك چۆن باوك عیسای خۆشویستووە، ئاوا منی خۆشویستووە، جا بە خۆشەویستییەکەیەوە پەیوەست دەبم. کەس خۆشەویستی لەمە گەورەتری نییە کە یەکێك ژیانی خۆی بۆ دۆستەکانی دابنێت.» (یۆحەنا ١٥: ٩، ١٣)

«بەڵام خودا خۆشەویستی خۆی بۆ دەرخستم، بەوەی مەسیح لە پێناوی مندا مرد، کاتێك هێشتا گوناهبار بووم.» (ڕۆما ٥: ٨)

«لە ڕێگەی خوێنی مەسیح کڕدرامەوە، واتە لێخۆشبوونی گوناهم وەرگرت، بە گوێرەی دەوڵەمەندی نیعمەتەکەی.» (ئەفەسۆس ١: ٧)

«هەرچەندە چیاکان نامێنن و گردەکان دەهەژێن، بەڵام خۆشەویستی نەگۆڕی ئەو بۆ من دەمێنێت و پەیمانی ئاشتیی ناهەژێت، ئەوە فەرمایشتی یەزدانە، ئەوەی بەزەیی پێمدا دێتەوە.» (ئیشایا ٥٤: ١٠)

«خودا بەوەفایە، ئەوەی بانگی کردم بۆ پێکەوە ژیان لەگەڵ کوڕەکەی، عیسای مەسیحی گەورەم.» (یەکەم کۆرنسۆس ١: ٩)

«ئەی گیانی من، ستایشی یەزدان بکە، هەموو ناخیشم ستایشی ناوی پیرۆزی بکە. ئەی گیانی من، ستایشی یەزدان بکە، هیچ چاکەیەکی لەبیر مەکە: ئەوەی لە هەموو گوناهێکم خۆشدەبێت، لە هەموو نەخۆشییەك چاکم دەکاتەوە، ئەوەی ژیانم لە گۆڕ دەکڕێتەوە، خۆشەویستی نەگۆڕ و بەزەیی دەکاتە تاجی سەرم.» (زەبووری ١٠٣: ١- ٤)

«یـەزدان تەمەنـم تێـر دەکات بـە چاکـە، تاکـو گەنجییەتیـم وەك هەڵـۆ نـوێ ببێتەوە. یـەزدان ڕاستودروسـتی ئەنجـام دەدات، دادپـەروەری بـۆ هەمـوو چەوساوەکان. یـەزدان میهرەبـان و بـە بەزەییـە، پشـوودرێژە و خۆشەویسـتی نەگـۆڕی زۆرە. تاوانبارکردنـی هەتاسـەر نییـە، تووڕەیـی هەتاهەتایـە نییـە. وەك بـەرزی ئاسـمان لەسـەر زەوییـەوە، خۆشەویسـتییە نەگۆڕەکـەی زۆر کـردووە بـۆ مـن کـە لێـی دەترسـم. وەك دووری ڕۆژهـەڵات لـە ڕۆژئـاواوە، یاخیبوونەکانمـی لـێ دوورخسـتووەتەوە. وەك بـاوك چـۆن بەزەیـی بـە منداڵەکانیـدا دێتـەوە، یەزدانیـش ئـاوا بەزەیـی بـە منـدا دێتەوە کـە لێـی دەترسـم. بـەڵام خۆشەویسـتی نەگـۆڕی یـەزدان لـە ئەزەلـەوە و هەتاهەتایـە بـۆ منـە کـە لێـی دەترسـم، ڕاستودروستییەکەشـی بـۆ نەوەکانـە.» (زەبـووری ١٠٣: ٥، ٦، ٨، ٩، ١١- ١٣، ١٧)

«بـەدکارەکان ئازاریـان زۆرە، بـەڵام مـن کـە پشـت بـە یـەزدان دەبەسـتم، خۆشەویسـتی نەگـۆڕ دەورم دەدات.» (زەبـووری ٣٢: ١٠)

«هەمـوو کاتێـك ستایشـی یـەزدان دەکەم، هەمیشـە ستایشـی ئـەو لەسـەر لێوەکانمە. گیانـم شـانازی بـە یەزدانـەوە دەکات، بـا ستەملێکراوان گوێیـان لـێ بێـت و شـاد بـن. بـا پێکـەوە یـەزدان بـە گـەورە بزانیـن، بـا بەیەکـەوە نـاوی بـەرز بکەینـەوە. ڕووم لـە یـەزدان کـرد، یـەزدان بـە دەنگمـەوە هـات، لـە هەمـوو ترسـەکانم فریـام کـەوت. ئەوانـەی پشـت بـە یـەزدان دەبەسـتن، دەدرەوشـێنەوە، ڕوویـان هەرگیـز شـەرمەزاری پێـوە نابێـت. هـاوارم بـۆ یـەزدان کـرد، یـەزدان گوێـی لێـم بـوو، لـە هەمـوو گرفتەکانـم ڕزگاری کردم. فریشـتەی یـەزدان دەوری ئـەو کەسـانە دەگرێـت کـە لێـی دەترسـن، دەربازیـان دەکات. تامیـم کـرد و بینیـم کـە یـەزدان چاکـە! خۆزگـە دەخـوازرێ بـەو کەسـەی پەنـای بـۆ دەبـات.» (زەبـووری ٣٤: ١- ٨)

## بەشی دووەم: داهاتووت

«هەموو ڕۆژانی ستەملێکراو سەختە، بەڵام لەبەر ئەوەی من دڵتەڕم، هەمیشە لەسەر خوانی شادییم.» (پەندەکان ١٥: ١٥)

من هێشتا باوەڕم بەوە هەیە، کە لە خاکی زیندووان چاکەی یەزدان دەبینم.  چاوەڕێی یەزدانم، خۆم ئازا دەکەم و دڵم بەهێز دەکەم، چاوەڕێی یەزدان دەبم.» (زەبووری ٢٧: ١٣، ١٤)

«من ئەو پلانە دەزانم کە خودا بۆ منی دارشتووە، پلان بۆ ئاشتی و گەشەسەندنم نەك بۆ زیانم، بۆ ئەوەی دواڕۆژ و هیوام بداتێ.» (یەرمیا ٢٩: ١١)

«ئەی گیانی من بۆچی خەمباریت؟ بۆ لە ناخمەوە پەرێشانیت؟ ئومێدت بە خودا هەبێت، چونکە من هەر ستایشی ئەو دەکەم، ئەو ڕزگارکەر و خودامە.» (زەبووری ٤٢: ١١)

«هیواش نابێتە هۆی شەرمەزاری، چونکە خۆشەویستی خودا ڕژاوەتە ناو دڵم، کە بە ڕۆحی پیرۆز پێم دراوە.» (ڕۆما ٥: ٥)

«لەمەشدا دڵنیام، خودا کە لە مندا ئەم ئیشە چاکەی دەستپێکردووە، هەتا ڕۆژی عیسای مەسیح تەواوی دەکات.» (فیلیپی ١: ٦)

«چونکە من دروستکراوی دەستی خودام، بە یەکبوونم لەگەڵ عیسای مەسیح دەبمە بەدیهێنراوێك بۆ کاری چاکە، کە خودا پێشتر ئامادەی کردووە تاکو بە ئەنجامی بگەیەنم.» (ئەفەسۆس ٢: ١٠)

«بۆ هەر چالاکییەك کاتی خۆی دەبێت، بۆ بڕیاردانیش لەسەر هەر کارێك

کاتی خۆی، بۆیە لەژێر دەستی بەهێزی خودا بێفیز دەبم، تاکو لە کاتی خۆیدا بەرزم بکاتەوە.» (ژیرمەندی ٣: ١٧؛ یەکەم پەترۆس ٥: ٦)

«سروشەکە بۆ کاتی دیاریکراوە، باسی کۆتایی دەکات و درۆ ناکات. ئەگەر درێژەی کێشا چاوەڕێی دەکەم، چونکە بێگومان دێت و دواناکەوێت.» (حەبەقوق ٢: ٣)

«خودا ئەمەی کرد تاکو لە ڕێگەی دوو شتی نەگۆڕەوەکە مەحاڵە خودا تێیاندا درۆ بکات، من کە پەنام بۆ ئەو بردووە، بە دڵنەوایی زۆرەوە دەستبگرم بەو هیوایەی کە لەپێشمی داناوە. ئەم هیوایەم هەیە کە وەك لەنگەرە بۆ دەروونم، چەسپاو و ڕاگرە. دەچێتە ناو شوێنی هەرەپیرۆز لە پشت پەردەکە.» (عیبرانییەکان ٦: ١٨، ١٩)

«ئێمە دەزانین خودا لە هەموو شتەکاندا کار دەکات بۆ چاکەی من کە ئەوم خۆشدەوێت، کە بەگوێرەی مەبەستی ئەو بانگکراوم.» (ڕۆما ٨: ٢٨)

«خودای من دەتوانێت هەموو شتێك بکات زۆر زیاتر لەوەی کە داوای دەکەم یان بیری لێ دەکەمەوە، بەگوێرەی ئەو هێزەی کە تیامدا کار دەکات.» (ئەفەسۆس ٣: ٢٠)

«خودا پێشوەخت بەهۆی مەسیحەوە منی هەڵبژارد تاکو بەگوێرەی پلانەکەی بۆ ئەو بم. خودا هەموو شتێك بەگوێرەی مەبەست و ویستی خۆی بەڕێوە دەبات.» (ئەفەسۆس ١: ١١)

«پەڕتووکی ئەم فێرکردنە لە دەمم جیا نابێتەوە، بەڵکو بە شەو و بە ڕۆژ لێی ورد دەبمەوە، بۆ ئەوەی وریا بم بۆ کارکردن بەپێی هەموو ئەو شتانەی تێیدا نووسراوە، ئەو کاتە ژیانم ڕاستەڕێ دەبێت و سەردەکەوم.» (یەشوع ١: ٨)

«پەیامەکە زۆر لێم نزیکە، لەسەر زمانمە و لە دڵمدایە، هەتا کاری پێ بکەم.» (دواوتار ٣٠: ١٤)

«فەرمایشتی خودا ئاوا دەبێت کە لە دەممەوە دێتە دەرەوە: بە بەتاڵی ناگەڕێتەوە بۆی، بەڵکو ئەوەی پێی خۆشە دەیکات و سەرکەوتوو دەبێت لەوەی بۆی دەنێرێت.» (ئیشایا ٥٥: ١١)

«من بە ڕوویێکی ئاشکراوە وەك ئاوێنە وێنەدانەوەی شکۆی خودا دەدەمەوە، لە شکۆیەك بۆ شکۆیەك بۆ هەمان وێنە دەگۆڕدرێم، ئەوەش لە یەزدانەوەیە کە ڕۆحەکەیە.» (دووەم کۆرنسۆس ٣: ١٨)

«شێوەی ئەم دنیایە وەرناگرم، بەڵکو بە نوێکردنەوەی بیرم دەگۆڕێم، تاکو بە لێکدانەوە بتوانم دەریبخەم خواستی خودا چییە، کە باش و پەسەندکراو و تەواوە.» (ڕۆما ١٢: ٢)

«پلانی خودا ئەوەیە کە دەوڵەمەندی شکۆی نهێنییەکە بۆ من ئاشکرا بکات، نهێنییەکەش ئەوەیە کە مەسیح لە ناخی دڵمدایە، ئەمەش هیوای شکۆداربوونە.» (کۆلۆسی ١: ٢٧)

«وەکو خودا، ئەو شتە بانگ دەکەم کە بوونی نییە وەکو ئەوەی بوونی هەبێت. من بەشێکم لە گەلێکی هەڵبژێردراو، کاهینێتی شاهانە، نەتەوەیەکی پیرۆز، گەلی تایبەتی خودا، تاکو چاکییەکانی ئەوە ڕابگەیەنم کە بانگی کردووم لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکییە سەیرەکەی.» (ڕۆما ٤: ١٧؛ یەکەم پەترۆس ٢: ٩)

«لەبەر ئەوەی من هی یەزدانی سوپاسالارم، دەفەرموێت کە من گەنجینەیەکی تایبەتی ئەوم. بەزەیی پێمدا دێتەوە وەك چۆن پیاو بەزەیی بە کوڕەکەی دێتەوە کە خزمەتی دەکات.» (مەلاخی ٣: ١٧)

«منیش وەکو پۆڵسی نێردراو، وا دانانێم کە بەدەستم هێناوە، بەڵام شتێك دەکەم: ڕابردوو لەبیر دەکەم و بەرەو داهاتوو بەوپەڕی کۆششەوە هەنگاو دەنێم، بەرەو ئامانج تێدەکۆشم تاکو ئەو خەڵاتە بەدەستبهێنم کە خودا لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە بانگهێشتی کردووم بۆ ئاسمان.» (فیلیپی ٣: ١٣، ١٤)

«باسی سەرەتاکان مەکەن، لە دێرینەکان ڕامەمێنن. ئەوەتا یەزدان شتێکی نوێ دەکات! دەزانم کە ئێستا سەرهەڵدەدات. لە چۆڵەوانی ڕێگام بۆ دادەنێت و لە بیابان ڕووبارەکان.» (ئیشایا ٤٣: ١٨، ١٩)

«خودا یاخیبوونەکانم دەسڕێتەوە، لە پێناو خۆی، گوناهەکانم بەبیر خۆی ناهێنێتەوە.» (ئیشایا ٤٣: ٢٥)

«لەبەر ئەوەی کە من چاوەڕوانی یەزدانم، هێزم نوێ دەبێتەوە، وەك هەڵۆ لە شەقەی باڵ دەدەم، ڕادەکەم و شەکەت نابم، دەڕۆم و ماندوو نابم.» (ئیشایا ٤٠: ٣١)

«من دڵنیام لەوەی کە خودا توانای هەیە بەڵێنی خۆی بباتەسەر.» (ڕۆما ٤: ٢١)

## بەشی سێیەم: ڕاستودروستیت لە مەسیحدا

«ئەوەی گوناهی نەدەناسی خودا لە پێناوی من کردییە گوناه، تاکو بە یەکبوون لەگەڵ ئەو ببم بە ڕاستودروستی خودا.» (دووەم کۆرنسۆس ٥: ٢١)

«ئەی خودایە، وەك ناوت ستایشت دەگاتە ئەوپەڕی زەوی، دەستە ڕاستت پڕە لە ڕاستودروستی.» (زەبووری ٤٨: ١٠)

«ئـەوەی هەتـا کۆتایـی دەمچەسـپێنێت، تاکـو لـە ڕۆژی عیسـای مەسـیحی گەورەماندا بـێ گلەیـی بـم.» (یەکـەم کۆرنسـۆس ١: ٨)

«خۆزگـە دەخوازرێـت بـە مـن کـە برسـی و تینـووم بـۆ ڕاستودروسـتی، چونکـە تێـر دەکرێـم.» (مەتـا ٥: ٦)

«خەمەکانـم بـە یـەزدان دەسـپێرم، ئـەو پشـتگیریم دەکات، هەرگیـز ناهێڵێـت منـی ڕاستودروسـت بهەژێـم.» (زەبـووری ٥٥: ٢٢)

«لـە پێنـاوی منیشـدا بـوو، جـا بـۆم بـە ڕاستودروسـتی دادەنرێـت، کـە بـاوەڕم هەیـە بـەوەی عیسـای گەورەمـی لەنێـو مـردووان هەسـتاندەوە.» (ڕۆمـا ٤: ٢٤)

«لەبـەر ئـەوەی بـە بـاوەڕ بێتـاوان کـراوم، لـە ڕێگـەی عیسـای مەسـیحی گەورەمـەوە لەگـەڵ خـودا ئاشـتیم هەیـە.» (ڕۆمـا ٥: ١)

«منـی ڕاستودروسـت بـە ڕێـگای تـەواوی خۆمـدا دەڕۆم، دوای مـن خۆزگـە بـە منداڵەکانـم دەخوازرێـت.» (پەندەکانـی سـلێمان ٢٠: ٧)

«ڕزگاریـی منـی ڕاستودروسـت لەلایـەن یەزدانـەوە دێـت، ئـەو قـەڵای منـە لـە کاتـی تەنگانـەدا.» (زەبـووری ٣٧: ٣٩)

«هـەر چەکێـك لـە دژی تـۆ شـێوەی بکێشرێـت سـەرناکەوێت و هـەر زمانێـك لـە دادگا لـە دژی مـن ڕادەوەسـتێت بەرپەرچـی دەدەمـەوە. ئەمـە میراتـی منـی خزمەتـکاری یەزدانـە، بێتاوانیـم لەلایـەن ئەوەوەیـە.» (ئیشـایا ٥٤: ١٧)

«چـاوی یـەزدان لەسـەر منـی ڕاستودروسـتە و گوێـی لـە پاڕانەوەکانـم ڕاگرتـووە. منـی سەرڕاسـت هـاوار دەکـەم و یـەزدان گوێـی لێـم دەبێـت، لـە هەمـوو تەنگانەکانـم دەربـازم دەکات. منـی پیاوچـاك گرفتـم زۆر دەبێـت، بـەڵام یـەزدان لـە هەمـووی

دەربازم دەکات. یەزدان گیانی منی خزمەتکاری خۆی دەکڕێتەوە و من کە پەنا دەبەمە بەر یەزدان تاوانبار ناکرێم.» (زەبووری ٣٤: ١٥، ١٧، ١٩، ٢٢)

«بە ڕاستودروستی دەچەسپێم دوور لە جەوروستەم، چونکە هیچ هۆیەك نییە بۆ ئەوەی بترسێم، هەروەها دوورم لە تۆقینیش، چونکە لێم نزیك ناکەوێتەوە.» (ئیشایا ٥٤: ١٤)

« منی ڕاستودروست وەك بەچکە شێر چاونەترسم.» (پەندەکانی سلێمان ٢٨: ١)

«سەرۆك کاهینێکم نییە کە نەتوانێت هاوخەمی لاوازییەکانم بێت، بەڵکو سەرۆك کاهینێکم هەیە کە وەکو من لە هەموو شتێك تاقی کراوەتەوە، بەڵام بێ گوناە دەرچوو. بۆیە با بە متمانەوە لە تەختی نیعمەت دەچمە پێش، بۆ ئەوەی بەزەیی وەربگرم و نیعمەت بدۆزمەوە تاکو لە کاتی پێویستدا یارمەتیم بدات.» (عیبرانییەکان ٤: ١٥، ١٦)

«ئێستاش کە بە خوێنی ئەو بێتاوان کراوم، لە ڕێگەی ئەوەوە چەندە زیاتر لە تووڕەیی خودا ڕزگار دەبم!» (ڕۆما ٥: ٩)

«خۆزگە دەخوازرێت بە من کە بەپێی ڕاوێژی بەدکاران ناڕۆم و لە ڕێگای گوناهباران ڕاناوەستم و لە کۆڕی گاڵتەجاڕان دانانیشم. بەڵکو ئارەزووم لە فێرکردنی یەزدانە، شەو و ڕۆژ لە فێرکردنەکەی ورد دەبمەوە. وەك دارێك وام کە لەدەم جۆگەی ئاو ڕوابێتم و لە وەرزی خۆیدا بەرهەم بدەم و گەڵاکانم هەرگیز وشك نەبن، لە هەموو کارێك سەرکەوتوو دەبم.» (زەبووری ١: ١- ٣)

«پەڕتووکی ئەم فێرکردنە لە دەمم جیا نابێتەوە، بەڵکو بە شەو و بە ڕۆژ لێی ورد دەبمەوە، بۆ ئەوەی وریابم بۆ کارکردن بەپێی هەموو ئەو شتانەی تێیدا نووسراوە، ئەو کاتە ژیانم ڕاستەڕێ دەبێت و سەردەکەوم.» (یەشوع ١: ٨)

«ناوی یەزدان قوللەیەکی بەهێزە، منی ڕاستودروست بۆ ئەوێ ڕادەکەم و پەناگیر دەبم.» (پەندەکانی سلێمان ١٨: ١٠)

«منی ڕاستودروست لە سەردەمی ئەودا شکۆفە دەکەم هەتا فەوتانی مانگ، ئاشتییەکی زۆرم دەبێت.» (زەبووری ٧٢: ٧)

«یەزدان دەفەرموێ، ئەمە ئەو پەیمانەیە کە لەگەڵم دەیبەستێت: فێرکردنەکانی دەخاتە ناو دڵم و لەناو مێشکم دەینووسێت. پاشان دەفەرموێت: لەمەودوا گوناە و تاوانەکانم بەبیری خۆی ناهێنێتەوە. لەکوێ لێخۆشبوونی ئەم گوناهانە هەبێت، ئیتر پێویست ناکات قوربانی بۆ گوناە بکەم.» (عیبرانییەکان ١٠: ١٦- ١٨)

«متمانەم هەیە بۆ چوونە ناو شوێنی هەرەپیرۆز بەهۆی خوێنی عیساوە، بەو ڕێگا زیندوو و تازەیەی کە بەهۆی بەخشینی جەستەی خۆی بەناو پەردەدا بۆی کردمەوە.» (عیبرانییەکان ١٠: ١٩، ٢٠)

«ئەوەی گوناهی نەدەناسی خودا لە پێناوی من کردییە گوناە، تاکو بە یەکبوون لەگەڵ ئەو ببم بە ڕاستودروستی خودا.» (دووەم کۆرنسۆس ٥: ٢١)

## بەشی چوارەم: زاڵبوون بەسەر ترسدا

«چونکە خودا ڕۆحی ترسی پێم نەبەخشیوە، بەڵکو ڕۆحی هێز و خۆشەویستی و خۆڕاگریی پێ بەخشیوم.» (دووەم تیمۆساوس ١: ٧)

«ڕووم لە یەزدان کرد، یەزدان بە دەنگمەوە هات، لە هەموو ترسەکانم فریام کەوت.» (زەبووری ٣٤: ٤)

«ئاشتیم بۆ بەجێدەهێڵێت، ئاشتی خۆیم دەداتێ. ئەوەی ئەو دەمداتێ وەکو ئەوە نییە کە جیهان دەمداتێ. نیگەران نابم و ناترسم.» (یۆحەنا ١٤: ٢٧)

«کاتێك ترسم لێ دەنیشێت، من پشت بە تۆ دەبەستم. بە خودا، کە ستایشی پەیامەکەی دەکەم، پشت بە خودا دەبەستم، من ناترسم، مرۆڤ چیم لێ دەکات؟» (زەبووری ٥٦: ٣، ٤)

«ناترسم، چونکە لەگەڵ مندای، ناپەشۆکێم، چونکە تۆ خودای منیت. بەهێزم دەکەیت و یارمەتیم دەدەیت، بە دەستی ڕاستی دادپەروەریت پشتیوانیم دەکەیت.» (ئیشایا ٤١: ١٠)

«با ژیانم بێ خۆشەویستی پارە بێت، ڕازی بم بەوەی هەمە، چونکە خودا فەرموویەتی: هەرگیز پشتگوێت ناخەم، هەرگیز وازت لێ ناهێنم.» (عیبرانییەکان ١٣: ٥، ٦)

«یەزدان، خودای من، ئەوەی دەستە ڕاستی گرتووم، ئەوەی پێم دەڵێت، مەترسە، من یارمەتیت دەدەم.» (ئیشایا ٤١: ١٣)

«من دەزانم خودا لە هەموو شتەکاندا کار دەکات بۆ چاکەی من کە ئەوم خۆشدەوێت، من کە بەگوێرەی مەبەستی ئەو بانگکراوم.» (ڕۆما ٨: ٢٨)

«ئێستاش یەزدان کە بەدیهێناوم ئەمە دەفەرموێت: مەترسە، چونکە تۆم کڕیوەتەوە، بە ناوی خۆتەوە بانگم کردوویت، تۆ هی منیت. کە بەناو ئاودا بپەڕیتەوە، من لەگەڵتدام، بەناو ڕووبارەکانیشدا، نوقومت ناکەن. بەناو ئاگردا بڕۆیت، داغ نابیت، بڵێسەش ناتسووتێنێت، چونکە من یەزدانم، خودای تۆم، پیرۆزەکەی ئیسرائیل.» (ئیشایا ٤٣: ١- ٣)

«من ناترسم، چونکە ترس لە سزاوە دێت. ئەوەی بترسێت لە خۆشەویستیدا تەواو نەبووە. بەهۆی یەکبوونم لەگەڵ مەسیح و باوەڕهێنانم پێی، بە دڵنیاییەوە ئەو ئازادییەم هەیە بۆ چوونە لای خودا. بۆیە لە ناخۆشییەکانم ورە بەرنادەم.» (یەکەم یۆحەنا ٤: ١٨؛ ئەفەسۆس ٣: ١٢، ١٣)

«خودا پەناگا و هێزمە، لە تەنگانەدا بەهانامەوە دێت. بۆیە ترسم نییە ئەگەر زەویش بلەرزێت، ئەگەر چیاکانیش بکەونە ناو قووڵایی دەریاکانەوە.» (زەبووری ٤٦: ١، ٢)

«بەهێز و ئازا دەبم، ناتۆقێم و وردە بەرنادەم، چونکە بۆ هەرکوێ بچم یەزدانی پەروەردگارم لەگەڵمە.» (یەشوع ١: ٩)

«بەڵام یەزدان چاوی لە منە کە ترسی ئەوم لە دڵدایە، کە هیوام بە خۆشەویستی نەگۆڕی ئەوە.» (زەبووری ٣٣: ١٨)

«خەمی بەیانی ناخۆم، چونکە بەیانی خەمی خۆی دەخوات. هەر ڕۆژێك خراپی خۆی بەسە.» (مەتا ٦: ٣٤)

«ناترسم چونکە ڕیسوا نابم، گاڵتەم پێ ناکرێت چونکە شەرمەزار نابم. ڕیسوایی سەردەمی گەنجییەتیم لەبیر دەکەم، ئیتر شورەیی بێوەژنییەتیم بەبیر نایەتەوە. چونکە مێردی من دروستکەرەکەی منە، ناوی یەزدانی سوپاسالارە. ئەوەی دەمکڕێتەوە پیرۆزەکەی ئیسرائیلە، پێی دەگوترێت خودای هەموو زەوی.» (ئیشایا ٥٤: ٤، ٥)

«کاتێک کە دڵەکوتێمە، خۆم توند دەکەم، ناترسم! ئەوەتا خودام، بە تۆڵەسەندنەوە دێت. ئەو دێت و ڕزگارم دەکات.» (ئیشایا ٣٥: ٤)

«خـودا بەپێـی دەوڵەمەنـدی شـکۆی خـۆی بەهێـزم دەکات لـە ڕێگـەی ڕۆحەکـەی کـە لـە ناخمدایـە.» (ئەفەسـۆس ٣: ١٦)

«مـن یـەزدان بـە گـەورە دەزانـم، نـاوی بـەرز دەکەمـەوە. ڕووم لـە یـەزدان کـرد، یـەزدان بـە دەنگمـەوە هـات، لـە هەمـوو ترسـەکانم فریـام کـەوت.» (زەبـووری ٣٤: ٣، ٤)

«مـن ناترسـم، چونکـە خۆشەویسـتی ترسـی تێـدا نییـە. خۆشەویسـتی تـەواو تـرس دەردەکاتـە دەرەوە، چونکـە تـرس لـە سـزاوە دێـت. مـن ناترسـم، چونکـە لـە خۆشەویسـتیدا تـەواو بـووم.» (یەکـەم یۆحەنـا ٤: ١٨)

«یـەزدان ڕووناکـی و ڕزگاریـی منـە، لـە کـێ بترسـم؟ یـەزدان قـەڵای ژیانـی منـە، لـە کـێ بتۆقـم؟ کاتێـك بـەدکاران لێـم نزیـك بنـەوە بـۆ ئـەوەی گۆشـتم بخـۆن، کاتێـك دوژمنـان و ناحەزانـم پەلامـارم بـدەن، سـاتمە دەکـەن و دەکـەون. ئەگـەر لەشـکرێکیش دەورم بـدات، دڵـم ناترسـێت. ئەگـەر جەنـگ بەرپـا بکـەن دژم، ئـەو کاتـەش هـەر دڵنیـا دەبـم. چونکـە لـە ڕۆژی بـەڵا، لەژێـر سـێبەری خـۆی دەمشـارێتەوە، بـە پـڵاسـی نشـینگەکەی دامدەپۆشـێت. بـۆ سـەر تاشـەبەردێك بڵنـدم دەکاتـەوە. ئێسـتاش سـەرفرازم بەسـەر دوژمنانـی دەوروبـەرم، لەنـاو نشـینگەکەیدا بـە هـاوار و خۆشـییەوە قوربانـی پێشـکەش دەکـەم، سروود بـۆ یـەزدان دەڵێـم و مۆسـیقا دەژەنـم.» (زەبـووری ٢٧: ١- ٣، ٥، ٦)

«ناترسـم. لەبـەر ئـەوەی هـەر لـە یەکـەم ڕۆژەوە کـە مکـوڕ بـووم تێبگـەم و لەبـەردەم خوداکـەم خۆمـم زەلیـل کـرد، پاڕانەوەکـەم بیسـترا، فریشـتەی خـودا لەبـەر ئـەو وشـانە (لـە وەڵامـی داواکارییەکانمـدا) هاتـووە.» (دانیـال ١٠: ١٢)

«کاتێـك دەمهێننـە بـەردەم کەنیشـت و فەرمانـڕەوا و دەسـەڵاتداران، نیگـەران نیـم

دەبێ بۆ بەرگری چۆن و بە چی بدوێم یان چی بڵێم.» (لۆقا ١٢: ١١)

«یەزدان شوانی منە، پێویستم بە هیچ نابێت. لە لەوەڕگای سەوزدا دەملەوەڕێنێت و دەمباتە سەر ئاوی هێمن و سازگار، گیانم دەبووژێنێتەوە. بەرەو ڕێگای ڕاستودروستی ڕێنماییم دەکات لە پێناوی ناوی خۆی. ئەگەر تەنانەت بەناو دۆڵی سێبەری مەرگیشدا بڕۆم، لە هیچ خراپەیەك ناترسم، لەبەر ئەوەی تۆ لەگەڵمدای، گۆچان و داردەستەکەت دڵنەواییم دەکەن. سفرەم بۆ ئامادە دەکەیت لەبەردەم دوژمنانم، زەیت لە سەرم دەدەیت بۆ دەستنیشانکردنم، جامەکەم لێوانلێو دەکەیت. بێگومان بە درێژایی ژیانم چاکە و خۆشەویستی نەگۆڕ بەدوام دەکەون، بۆ هەتاهەتایە لە ماڵی یەزدان دەژیم.» (زەبووری ٢٣: ١- ٦)

## دەرەنجام: چەسپاو و بەهێز بە

«مەسیح ئازادی کردم تاکو بە ئازادی بژیم. بۆیە چەسپاو دەبم و جارێکی دیکە ملکەچی نیری کۆیلایەتی نابم.» (گەلاتیا ٥: ١)

«کەواتە متمانە فڕێ نادەم کە پاداشتی گەورەی هەیە، چونکە پێویستم بە دانبەخۆداگرتن هەیە، تاکو لەدوای ئەوەی بە خواستی خودام کرد، بەڵێنەکە بەدەستبهێنم.» (عیبرانییەکان ١٠: ٣٥، ٣٦)

# نوێژی ڕزگاربوون

خـودا تـۆی خۆشـدەوێت و دەیەوێـت پەیوەندییەکـی کەسـی هەبێـت لەگـەڵ تـۆ. ئەگەر تـۆ هەتـا ئێسـتا عیسـات وەکـو ڕزگارکـەری خـۆت قبـووڵ نەکـردووە. ئێسـتا دەتوانیـت قبووڵـی بکەیـت. ئـەوەی لەسـەرتە تەنهـا دڵـت بـۆی بکەیتـەوە و ئـەم نوێـژە بکەیـت:

**«باوکـم لـە ئاسـمان، دەزانـم کـە گوناهـم لـە دژی تـۆ کـردووە. تکایـە ببـوورە. پاکـم بکـەوە. پەیـمان دەدەم کـە بـاوەڕ بـە عیسـا دەکـەم، ڕۆڵـەی تـۆ. بـاوەڕم هەیـە بـەوەی لەپێنـاوی مـن مـرد - گوناهـی منـی لەسـەر شـانی خـۆی هەڵگـرت و لەسـەر خـاچ مـرد. هەروەهـا بـاوەڕ دەکـەم کـە لەنێـوان مـردووان زینـدوو بـووەوە. مـن هـەر ئێسـتا ژیانـی خـۆم دەدەمـە دەسـتی عیسـا.**

**سـوپاس بـۆ تـۆ، باوکـە. مـن سوپاسـت دەکـەم بـۆ بەخشـینی گوناهەکانـم و بـۆ پێدانـی ژیانـی هەتاهەتایـی. تکایـە یارمەتیـم بـدە بـۆ ئـەوەی بـۆ تـۆ بژیـم. بـە نـاوی عیسـای مەسـیح نوێـژ دەکـەم. ئامیـن.»**

کاتێـک تـۆ لـە دڵتـەوە ئـەو نوێـژەت دەکـرد، خـودا تـۆی لـەلای خـۆی قبـوڵ دەکـرد، هەروەهـا پاکـی کردیتـەوە و ئـازادی کردیـت لـە کۆتەکانـی مردنـی ڕۆحـی. کاتێـک تەرخـان بکـە بـۆ ئـەوەی ئـەو پارچـە ئایەتانـەی خـوارەوە بخوێنیتـەوە و لـە هەمـان کاتـدا داوا لـە خـودا بکـە لەگەڵـت بدوێـت لەمیانـەی ڕێکردنـت لەسـەر ڕێـڕەوی ژیانـی نوێـت.

| | |
|---|---|
| یۆحەنا ٣: ١٦ | ١ کۆرنسۆس ١٥: ٣ - ٤ |
| ئەفەسۆس ١: ٤ | ئەفەسۆس ٢: ٨ - ٩ |
| ١ یۆحەنا ١: ٩ | ١ یۆحەنا ٤: ١٤ - ١٥ |
| ١ یۆحەنا ٥: ١ | ١ یۆحەنا ٥: ١٢ - ١٣ |

بـەردەوام نوێـژ بکـە و داوای یارمەتـی لـە خـودا بکـە بـۆ ئـەوەی کڵێسـایەکی پـڕ بـاوەڕداری ڕاسـتەقینە بدۆزیتـەوە بـۆ ئـەوەی زۆرتـر هـان بدرێیـت و پەیوەندیـت لەگـەڵ مەسـیح گەشـە بـکات. خـودا هەمیشـە لەگـەڵ تۆدایـە. ئـەو پـێ بـە پـێ ڕابەرایەتیـت دەکات و بـۆت ئاشـکرا دەکات کـە چ ژیانێکـی پـڕ واتـای هەیـە بـۆ تـۆ.